بەشێک لە بەرهەمەکانی

# دوکتور مستەفا شەوقی قازی‌زادە

## شێعر و نوسراوە

گردوکۆی:

ئەحمەد شەریفی

R6

شریفی، احمد ۱۳۲۴ گردآورنده
دیوانی شێعر و نووسراوەکانی دوکتور مستەفا شەوقی قازیزادە
گردوکۆی: ئەحمەد شەریفی
ISBN 964 - 7219 - 24 - 5 ۹۷ صفحه
فهرست نویسی بر اساس اطلاعات فیپا
کردی - فارسی
۱ - شوقی قاضی زاده، مصطفی - نقد و تفسیر.
۲ - پزشکان - ایران - مهاباد.
۳ - پزشکان ایرانی - سرگذشت‌نامه. الف.عنوان
۴ ش ۹ ش / R ۶۳۴ ۶۱۰ / ۹۲۵۵۳۳۵۲
کتابخانه ملی ایران ۸۲ - ۲۷۰۴۸ م
شابک: ۹۶۴ - ۷۲۱۹ - ۲۴ - ۵



ناوی کتێب: بەشێک لە بەرهەمەکانی
دوکتور مستەفا شەوقی قازیزادە
گردوکۆی: ئەحمەدی شەریفی
دەرهێنانی رووبەرگ: ئاکۆ
پیت چن: قازی - مەریەم
پێدا چوونەوە: قازی - مەریەم
چاپ: لەیزێر مەهاباد ۲۲۳۱۲۱۶
چاپی یەکەم - ئەژمار ۵۰۰
مەهاباد - ۱۳۸۴ هەتاوی
۲۰۰۰ تمەن

# ناوەرۆک


دوکتور مستەفاکێیە ........................................ ١
دوکتور شەوقی دەبێ چلون پیاوێک بووبێ ........................ ١٢
هاواری دایکێ ............................................ ١٨
حەسەبی حاڵی وەتەن ....................................... ٢٠
لە بۆ هاواڵی ماتەمدار ..................................... ٢١
جەوانان .................................................. ٢٣
فەریاد .................................................... ٢٥
تەحەسوری جەوانی و تەرانەی وەتەن .......................... ٢٧
وەرەقێک لە دەفتەری خاترات ................................ ٣٠
لە بۆ کوردان .............................................. ٣٢
مەگەر لێم عاجزی .......................................... ٣٤
غەزەل ..................................................... ٣٥
هەموومان .................................................. ٣٨
وەتەن ...................................................... ٤٠
وەزعیەتی ئێمە کوردان دە عەسری حازردا ...................... ٤٧
تەرەقی دینمان دەوێ ........................................ ٥٢
مکاتبات دکتر شوقی قاضیزادە ................................ ٥٧

حەسەبی حاڵی دەگەڵ وەتەن .......................... ٦٢
وطنلی حسبحال .......................... ٦٤
پاشکۆ .......................... ٦٦
لە ئیرسی کۆکسەوە بۆ وینستون چەرچیل .......................... ٦٨
تەرجەمەی نامەکەی مستەفا یامولکی.......................... ٧٠
کورتەیەکی ژیانی مستەفا پاشا.......................... ٨٨
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ لەندەن.......................... ٩١

**کوردستان** و **هەتاوی کورد** لە دەست دا نییە کە وتار و شێعرەکانی دوکتور قازییان لێ هەڵێنجین. سەرەڕای ئەوەش وتارێکی **هەتاوی کورد** و سێ غەزەلی کوردستان کە لە **کاروان**[1] و **ڕۆشنبیری نوێ**[2]دا چاپ کرابوون، هێناومنەوە سەر شێوەی موکریان.

بەڵام هەر ٢٥ ژمارەی **ژین**ی دیاری کاک **بۆزئەرسەلان**م، زۆر بە وردی پشکنی و تێکستی شێعر و وتارەکانی دوکتور قازیم لێ دەرهێنان و دەگەڵ شێوە لاتینیەکەی **بۆز ئەرسەلان**م هەڵسەنگاندن و بەدڵنیاییەوە دەڵێم ژیاندوومنەوە و ئێستا سەرجەمی ئەم تێکۆشانە لەم نامیلکەیەدا پێشکەشی رووحی پاکی دوکتور قازی دەکەم.

بەڵام: با بچینە سەر باس و خواسی دوکتور **قازی**.

لە گۆوارەکانی **کاروان** و **ڕۆشنبیری نوێ**دا، شتگەلێکی سەیرو سەمەرەیان دابووە پاڵ **مستەفا شەوقی**یەوە، ئەمانە بۆ کەسێکی وەک من کە خەڵکی **مەهاباد**م، نەدەبوونە دەساوێز و وام بە باش زانی خۆم راستەوخۆ وەپێ وشوێنی ساغکردنەوەی ئەم بەسەر هاتەکەوم.

بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەڵەیەک، نامەم بۆ بەڕێزان کاک **سەعیدی همایوون** و کاک **ئەحمەدی قازی** نووسی، هەتاکوێرەرێیەکم نیشان بدەن. خوداوراستان

---

١ - *کاروان* ژ ٥٣ س ١٩٨٧ هەتاوی کورد و سەردەمی راپەرین - مەحموود زامدار.

٢ - ژ ١١٢ساڵی ١٩٨٦ (شێعرەکانی مستەفا شەوقی - عەبدوڵڵا محەممەد حەداد).

بـۆ لای مـیرزا **خـەلیلی قـازی**یان ڕێنـوێنی کـردم. مـیرزا **خـەلیلی قـازی** باوکی زانا و نووسەر و برای بەڕێزم کاک **قادر فەتاحی قازی**یە و خزمایەتی نزیکی دەگەڵ دوکتور **مستەفا شەوقی** قازی دا هەبووە. بۆروون کردنەوەی هێندی دۆزوباس ڕۆژی ١٣٦٨/١٢/٢٨ چوومەوە **مەهاباد** بە خزمەت میرزا **خەلیل** گەیشتم. ئەو کات میرزا **خەلیل** تەمەنی ٨٣ ساڵ بـوو و لە مـاڵێ، لە جێ‌داکەوتبوو. سەرەرای نەخۆشی هەلم لە دەست نەدا و هێندی پرسیارم ئـاراسـتە کـرد و چـوومە خـزمەتی کـە لێرەدا گـوتوویژەکـە وەک خـۆی دەگێڕمەوە:

**پرسیار**: قوربان ئەتۆ دوکتور **مستەفا شەوقی قازی‌زادە** دەناسی؟

**وەڵام**: بەلێ دوکتور خاڵم بوو. دایکی ناوی **ئامین** بوو و ناوی باوکی حاجی میرزا **لەتیفی قازی** بوو.

**پ**: چت لە دوکتور لە بیر ماوە؟

کەمێکی بیر کردەوە و گوتی:

- لە مێژ ساڵە هەموو شتێکم لە بارەی وییەوە لە بیر چۆتەوە، پیری پیاو لە بیر و هۆش دەخا... بەلام ئەوەی لە بیرم مابێ...ئـەو وەخت ئـەمن مـێرمنداڵ بووم، مستەفا لە من گەورەتر بوو، فەقێ بوو و دەرسی مەلایەتی دەخوێند،... پێم وایە خودا لێخۆش‌بوو مەلا **عەولای مودەڕیسی**، باشی دەناسی. مەلا عەولا لەو گەورەتر بوو... مستەفا بوو بە مەلا، مەلای دوازدە عیلم! لە گەڵ

بابی هەستان بچنە حەجێ، ماوەیەک لە وڵاتی عوسمانلی مانەوە، پاشان کە میرزا **لەتیف** هاتەوە، مستەفای لە گەڵ نەبوو. شەڕی هەوەل دەستی پێ کردبوو و لەوێ **مستەفا** لە شەڕی نێوان **عوسمانی** و **رووسەکان** دا لایەنگری لە عوسمانی دەکا و هەر لەوێش لەبەرەوە درسی دوکتوری دەخوێنێ. پاش تەواو بوونی شەڕ دەچێتە ئاڵمانێ کن میرزا **جەوادی** ئامۆزای و درێژە بە خوێندنەکەی دەدا. پاشان دەگەڕێتەوە ئیستامبوڵی، لەوێ کچێکی تورک بە ناوی **سەنیجە** دەخوازێ کە لە بنەماڵەیەکی زۆر مەشهوور بوون، دوکتور دەبێتە رەئیسی نەخۆشخانەی **ئیسکی شەهر**.

**پ:** ئایا دوکتورکە لە **تورکیە** بوو، پەیوەندی نامەگۆڕینەوەی لە گەڵ کێ هەبوو لە خزم و دۆستانی لە سابلاغێ؟

و: وەڵڵاهی باش نازانم! بەڵام لە گەڵ خۆم موکاتەبەی هەبوو، عەکسی ژن و کچەکانیشی بۆ ناردبووم. نامە و وێنەکانی هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر هەر مابوون، بەڵان فەوتان و لەبەین چوون.

**پ:** بە چ زمانێک موکاتەبەتان دەکرد؟

و: هەر بە فارسی، مستەفا فارسی زۆر باش دەزانی و زۆر قابیل بوو.

**پ:** ئایا کاتێک بوو بە دوکتور و گەڕاوە تورکییە، هیچ سەری سابلاغی نەدا؟ نەهاتەوە سابلاغێ؟

و: بەرێ وەڵڵا، جارێکی هاتەوە، پێش هەڵڵای شەهریوەری ١٣٢٠

بوو. هاتەوە و پێم وایە زیاتر لە دوو ساڵان لە سابلاغێ تەبابەتی کرد. مەحکەمەکەی لە نزیک مزگەوتی شادەرویش بوو و میرزا **عەبدولفەتاحی** برام، لە بەر دەستی کاری دەکرد.

**پ:** وەک بزانی ئەووەخت لەگەڵ کێ هامووشۆی هەبوو؟

**و:** وەک لە بیرم مابێ... لەگەڵ مەرحوومی **قازی محەممەد** هاتووچۆی هەبوو، لەگەڵ **وێنەتان**یش نێوانی خۆش بوو. وێنەتانیش دوکتورێکی زۆر باش بوو وکوردی باش دەزانی، فەلە بوو.

**پ:** قەت باسی کوردایەتی و سیاسەت و کوردی نووسین و شتی وای نەدەکرد؟

**و:** وەڵڵاهی نازانم! ئاخر ئەو وەخت کوا شتی وایان لەکن ئێمەمانان باس دەکرد؟ ئێمە مێرمنداڵ بووین، گەورە نەبووم، بەڵام دەزانم شێعری بە کوردی دەکوت، ئەوەم لە **عەولای تارزەن** بیست، عەولای قالەی تارێکی زۆر باشی لێدەداو هاموشۆی دوکتوری دەکرد.

**پ:** میرزا **لەتیف** هەر ئەوکوڕەی هەبوو؟

**و:** نەخێر کوڕێکی دیکەشی بە نێوی **کەریمی یەمینی قازی** بوو، لەگەڵ دوکتوری دایکبرا بوون. قازی **لەتیف**، مستەفای زۆرتر خۆش دەویست.

**پ:** بیستوومە گۆیا میرزا **لەتیف**، فەقێ **مستەفای** لە میرات بێبەری کردبوو؟

**و:** ئەستەغفیروڵڵا! شتی وا هەر نەبووە، هەتا ئەوکاتی کوژرا،

روح وگیانی هەر مستەفا بوو!

**پ:** کوژرا؟

**و:** بەڵی کوژرا، وەختایەکی **سمکو** هات و ساباڵاغی گرت، شکاکان میرزا **لەتیف**یان کوشت.

**پ:** چیدیکەت لە دوکتور لە بیر ماوە؟

میرزا **خەلیل** دەست دەکا بەگریان و دەڵێ:

- هیچی دی برینت کولاندمەوە...ئەتۆ بۆچی وەپێشوێنی دوکتور کەوتووی کاک ئەحمەد؟

**و:** ئەرزت بکەم دەمەوێ شێعر و نووسراوەکانی کۆ کەمەوە، بەشکوو خێرخودایەک پەیدابێ و چاپیان بکا!

میرزا **خەلیل** فەرموویان:

- کارێکی زۆر چاکە، خودات لێ‌رازی بێ! ئەمن هەر ئەو بەیتە شێعرەی دوکتورم لە بیر ماوە کە دەڵێ:

**وەتەنی من ومێرگ و گوڵزاری**

**لەباتی باران، خوێنی لێ بـاری**

**پ:** عەرزت بکەم میرزا **خەلیل**، لەبن یەکێک لە شێعرەکانی دوکتوری دا نووسراوە: **حەیدەر پاشا- مستەفا قازی‌زادە شەوقی**، ئەم **حەیدەر پاشایە** چ بووە؟ ئایا بەو ناوە مەشهوور بووە؟

و: کاکە ئەحمەد گوتت نووسراوە، مەگەر شێعرەکانی چاپ بوون؟

- : چاپ بەو جۆرە نەخێر، ئەووەختە لە ئیستامبوڵی گۆوارێکی کوردی-تورکی بە نێوی **ژین** چاپ بووە، شێعرەکەی لە وێدا چاپ کراوە.

و-م: بەڵی، بەڵی حاڵی بووم، نێوم بیستبوو، عەرزت بکەم نێوی مستەفای نەبووە، بەڵکەم ئەو وەختی کە لە ئیستامبوڵی بوو، لە گەرەکێکی بوو، نێوی **حەیدەر پاشا** بوو، دوکتور بە **ساوج** مەعرووف بوو.

**پ:** ساوج؟

و: بەڵی، **ساوج**. ساوجی بە تورکی مانای **قازی** دەدا.

**پ:** وەک بزانی دوکتور کەسێکی لە تورکییە ماوە؟

و: نازانم لێیان بێ‌خەبەرین، دوکتور کوڕی نەبوو، هەر پێنج کچی هەبوو، لە **ئیسکی شەهری** بوو، هەر لەوێش عەمری خودای کردووە لە وێ ناژراوە.

**پ:** نازانی چ ساڵێکی مرد؟

و: ناوەڵلاّ لە بیرم نەماوە.

**پ:** لە سابلاّغێ بڵێی کەسێک هەبێ دۆستایەتی لە گەڵ دوکتور هەبووبێ، یان دوکتوری لە بیر مابێ؟

و: نازانم، پیری و هەزار عەیب، هەر نازانم دۆستەکانی خۆشم کێ ماوە، کێ نەماوە؟ پیاو کە پیر بوو، هەموو شتێکی لە بیر دەچێتەوە.

ئەوە بوو کورتەی گوتوبێژەکە، لە گەڵ میرزا **خەلیل**ی قازی. هەر بۆ ئەم

مەبەستە، چوومە خزمەت حاجی **خەلیلی مووەفەقی**. فەرموویان:

- ئەو وەختی کە دوکتور قازی هاتبووە، ئەمن منداڵ بووم، شتێکی وام لە بیر نەماوە.

دادە **خەجیجی مەجدی**، ژنی میرزا **سەدیقی حەیدەری** لە وێ بوو، فەرموویان:

- دوکتورکە هاتبۆوە، مەتەبەکەی لە پشت مزگەوتی شادەروێشی بوو. بابی دوکتور هاشمی شیرازی هاتوچۆی دەکرد، وەک لە بیرم بێ، عوودیشی لێدەدا.

هەر بۆ روون کردنەوەی ئەم دۆزە، کورتە دیدارێکی میرزا **سەدیقی حەیدەری**شم کرد، بەڵام بە داخەوە ئەویش لە بەر پیری شتێکی ئەوتۆی لە بیر نەما بوو.

گوتیان:

- **قەیسەر خانمی قازی** خزمایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ دوکتور هەیە، کە چوومە پێوشوێنی، گوتیان:

- نەخۆشە.

لێرەدا ئاخرین قسەی میرزا **خەلیلی قازی** دێنمەوە بیر کە فەرموویان:

-کاک ئەحمەد! زۆر درەنگ وەپێ و شوێنی ئەو مەسەلەیە کەوتی. بە راستی زۆر درەنگ، بەڵام سەرەرای ئەوەش هەر لە هیچ باشترە.

# دوکتور شەوقی دەبێ چلۆن پیاوێک بووبێ؟

بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، بە داخەوە لە زێدەکەی **مەهاباد** شتێکی ئەوتۆمان وەگیر نەکەوت و تەنیا بەڵگە هەر شێعر و وتارەکانێتی، کە دەبێ بە وردی سەرنجیان بدرێتێ و لە بەر رووناکایی ئەوانەوە وڵامی ئەم پرسیار بدرێتەوە.

پێش شەڕی هەوەڵی نێوگەلان و رووخانی ئیمپراتۆری **عوسمانلی**، بەشێکی هەرە زۆری کوردستان، یان باشترە بڵێم بەشێک لە کوردستانی ئێران، هەموو کوردستانی عێراق و سووریە و بەشە کوردستانە گچکەکەی رووسییە و قەوارەی کوردستانی ئەمڕۆی تورکیە، بە گشتی لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستەکانی قەڕاڵی عوسمانی دا بووە. ئیستامبوڵی ئەوکات، مەکۆی بیری ئازادیخوازان و روشنبیرانی گەلانی ژێر چەپۆکەی ئەم دەوڵەتە بوو. گەلانی نێو چوارچێوەی عوسمانی، لە ئیستامبوڵ دا خەریکی کار و تێکوشانی روشنبیری و خەباتی ئەدەبی و سیاسی بوون. هەر لەم بۆوارەش داکوردەکان زۆر زووتر دەستیان دابووە کار و پاش رووخانی ئیمارەتە کوردییەکان، بنەماڵەی بەدرخان پاشا کە دەستیان لە میرایەتی بڕابوو، دەستەوشانی خەبات و تێکۆشانی ئەدەبی بوون و **عەبدولرەحمان بەگ** و **مەدحەت بەگ** لەساڵی ١٨٩٨ دا هەوەڵین رۆژنامەی کوردی **کوردستان**، دەردەکەن. پاش وەستانی **کوردستان** زۆر پێناچێ گۆوارگەلی

وەک **ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، ژین و کوردستان**، لە ئیستامبوڵ لە لایەن کوردەکانەوە دێتە وەشاندن. لەم گۆوارانەدا هەر دوو شێوەی سەرەکی زمانی کوردی -کرمانجی سەروخوار- بەکار دەهێنرێ. ڕووناکبیرانی هەموولایەکی کوردستان، قۆڵ هەڵدەماڵن و خەریکی تێکۆشانی ئەدەبی و چاندی دەبن، کە یەکێک لەوان **مستەفا شەوقی قازی‌زادە** بووە.

واوێدەچێ **مستەفا شەوقی** هەتاساڵی ١٩١٣ هەر لە **مەهاباد** بووبێ، بەلاّم تەماس و پیوەندی بە مەکۆ و تاقمە ڕووناکبیرەکانی کوردی ئیستامبوڵەوە بووبێ و چاپەمەنی کوردی بۆهاتبێ. لە سەرەتای وتاری **تەرەقی دینمان دەوێ**، لە ژمارە ٣ی گۆواری **هەتاوی کورد** کە لە تەشرینی یەکەمی ١٩١٣ دەرچووە، لە وتارەکەی **مستەفا شەوقی** دا ئاوا هاتووە:

«چەندێک لەوەی پێش بە واسیتەی ڕۆژنامەی **هەتاوی کورد** لە خسووس فایدە و مەنفەعەتی مەکتەب چەند سەترێکم عەرز کردبوون.»

ئەم بەندە لە وتارەکە، دوو خاڵی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە:

١ - نیشاندەری ئەوەیە لە ساڵی ١٩١٣، ڕەنگە لەوەش پێشتر، **مستەفا شەوقی** پەیوەندی بە کوردەکانی عوسمانیێیەوە هەبووە و حەول و تێکوشانی ئەدەبی لە ناوچەی موکریان دا، دەستی پێکردبێ و زۆر بە بیرێکی جوانەوە لەو وتارە دا بۆی دەچێ کە دەبێ کتێبی خوێندن و نووسینی فەقێیان بە کوردی بێ.

٢ - هەروا لەم وتارەی دا، روون دەبێتەوە کە هەتا پێش تەشرینی هەوەڵی **١٩١٣** هەر لە **مەهاباد** بووە. رەنگە کاتیٚ شەڕی ئەوەڵ دەست پێدەکا، لەگەڵ بابی چووبێتە مووسڵیٚ، کە ئەوکات سەر بە ئیمپڕاتوری **عوسمانی** بووە.

بەلا م بەراستی بلٚێی، **قازی لەتیف** و **مستەفای** کوڕی بۆ حەج چووبنە **مووسڵ** یان بلٚێی لە ترسی رووسان رایان کردبیٚ؟

ئەمن پێموایە، دەبیٚ لە ترسی رووسان هەلاٚتبێن و لە مووسڵیٚ را، شێعری جوان و رازاوەی، بە بۆنەی قەتلی عامی رووسان لە سابلاٚغیٚ، بۆ گۆواری **ژین** ناردووە.چوونکە وەک لەوەی پێش ئاماژەم پێکرد، پەیوەندی لەگەڵ کۆڕە رۆشنبیرییە کانی کوردی ئیستامبوڵ هەبووە و لە مووسڵیٚ را چۆتە ئیستامبوڵیٚ و لەویٚ راستەوخۆکاری لەگۆوار و رۆژنامە کوردییە کاندا ئەنجام داوە و پاشان بۆتە ئەندامی **کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان**.

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی **١٩١٩** دا رەسمەن دامەزراوە. بەیانییەی دامەزراندن و ساز بوونی لە رۆژی **١٩١٩/٢/٢** بلاٚو بۆتەوە و لە ژمارە **١٠**ی گۆواری **ژین**دا راگەیاندراوە. بەرێز **بۆز ئەرسەلان** دەنووسیٚ کە دوکتور **شەوقی** ئەندامی ئەم رێکخراوەیە بووە(١)، بەلاٚم **کەماڵ رئووف محەممەد** پێی وایە، ئەندامی کۆمەڵەی **خۆیبوون**(٢) بووە و بۆ دامەزراندنی لقی **خۆیبوون** لەساڵی **١٩٢٩** چۆتەوە سابلاٚغ.

---

١ - سەرەتای پاژی ١ی «ژین» ل ٢٧ ٢ - گۆواری کاروان ژ ١٤١ ساڵی ١٩٨٦

بەلام لە راستی دا، ساڵی ١٩٢٩ هێشتا **کۆمەڵەی خۆیبوون** دانەمەزراوە، یان ئاشکرا نەکراوە. چونکە رەحمەتی ژەنەراڵ **ئیحسان نووری پاشا** لە بیرەوەرییەکانی دا، دیاردەیەک بۆئەمە ناکا، کە لەو ساڵەدا **خۆیبوون** تێکۆشانی هەبووبێ(١).

دەگونجێ دوکتور قازی لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ دامەزراندنی لقی **کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان** هاتبێتەوە **مەهاباد**، وەک لە قسەکانی میرزا **خەلیلی قازی** دا هاتووە، لەگەڵ رووناکبیران و باسەوادانی ئەو سەردەمەی **مەهاباد**، وەک مەرحوومی **قازی محەممەد** و دوکتور **وێنەتان** پەیوەندی هەبووە، کاتێ شێوەی کاروباری بۆ رژیمی رەزاخان روون دەبێتەوە، دەردەچێ و دەگەڕێتەوە تورکییە و هەتا دەمرێ هەر لەوێ دەبێ و موکریان نابینێتەوە.

هەروا لێرەدا بە پێویستی دەزانم یەک دوو وردە سەهوی برایانی نووسەری کوردستانی عێراقیش روون کەمەوە.

کاک **عەبدوڵلا حەداد** و **کەمال رئوف** هەر دووک دەنووسن باوکی دوکتوری زوو مردووە، براکەی لە میراتی بێ بەش کردووە، ئەویش سەری خۆی هەڵگرتووە و چۆتە ئستامبوڵ.(٢)

---

١ - بیرەوەرییەکانی ئیحسان نووری پاشا لە گۆواری هیوا ژمارە ٦ - ١دا چاپ کراوە، ئەم گۆوارە لە لایەن ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس دەردەچێ.

٢ - گۆواری ***کاروان*** ژمارە ٤٢ - ٤١ و گۆواری **رۆشنبیری** ژمارە ١١٢.

بەڵام بە پێی دوو بەڵگەی سەلماوە، ئەم بۆچوونەی هەر دووکیان هەڵەیە.

١ - لە وتوو وێژەکەدا، **خەلیلی قازی** فەرموویان کە **قازی لەتیف** مستەفای زۆر خۆش دەویست و پێکەوە بەرەو **حەج** چوون. ئەم قسەیەش راستە و درۆی بۆ نییە، چونکە **قازی لەتیف** خۆی غەزەلیکی داناوەکە لە ژمارە ٧ی **ژین**دا چاپ بووەوگازەندەو نباشت لە شاعیران وگەورە پیاوانی کورد دەکا و لە ئاخرییەکەی دا پێشنیار بەکۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان دەکاو دەبێژی:

**خـــۆ ئـەگـەر بێتـو مـن راهـی بـکـەن بــۆ مڵکی خـۆم**

**کوردی ئێرانیش هەموو سەف سەف دەکەم هەر وەک قەتار**

زۆر وێدەچێ کە **قازی لەتیفیش** ئەندامی ئەوکۆمەڵەیە بووبێ و پاشان گەڕابێتەوە سابلاغ. هەروا وێش دەچێ کە ئەندامی کـۆمەڵەی **خۆیبوونیش** بووبێ، بەڵام جارێ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەم بارەوە لە دەست دانییە.

پاش ئەوەی کە قازی **لەتیف** دەگەڕێتەوە سابلاغ، لە لایـەن هـێزەکـانی **سمکۆ**وە شەهید دەکرێ و بەڵگەی باوەر پێکراویش، نامەیەکی ئەمیر هێزی بە ناوبانگی کورد **مستەفاپاشا یامولکی** مەشهوور بە **مستەفانەمردوو** کە بـۆ **عەبدولعەزیزی** کوڕی دەنێری و لە وێدا[١] لە **سمکو** دەپرسێ بۆ شکاکەکان

---

١ - ***مامۆستای کورد*** ژمـارە ٨ی سـاڵی ١٩٩٠ چـاپی سـوئید. وەرگـێردراوەتـە سـەر کوردی.

قازی **لەتیف**یان کوشت؟[١] وە بەڵام: بۆ ناسینی کەسایەتی و چلۆنایەتی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی دوکتور **مستەفا شەوقی**[٢]، هەروەک وتم، بەداخەوە جگە لە وتار و شێعرەکانی، جارێ شتێکی دیکە لە دەست دا نییە، ئەزیش بەش بەحاڵی خۆم جارێ لە کۆڵینەوەی زیاتری ئەم باسە و شێعر و وتارەکانی وازدێنم و خوێنەر خۆی بە خوێندنەوەی شێعر و وتارەکانی دەتوانێ **شەوقی** باشتر ناسکا.

* * *

---

١ - من نامەکەی سەرلەشکر حاجی ***مستەفا یاملکی*** و زۆر بەڵگەی ترم، لە لای بەرێز کاک ***عەبدولعەزیزی*** کوری بینی، ***عەبدولعەزیزی یاملکی*** لە ساڵەکانی ٤٩ - ١٣٤٨دا ماوەیەک لە ***تاران*** دەژیا.

٢ - ***مستەفا شەوقی*** لە نامەیەکدا کە لە ٢٠ی رەجەبی ١٣٤٨ بۆ خوشکی، ***گەوهەر تانج*** خانمی قازی ناردووە، ناوی چووار کچی ***نەهال*** ٦ ساڵە، ***مەراڵ*** ٤ ساڵە، ***ئولک*** ٣ ساڵە و ***گوڵبەسەر*** ١٥ مانگە... کردووە. ئەم نامەیە کاک ***قادری فەتاحی قازی*** بۆی ناردووم، سپاسی بێ پایانی دەکەم. دەق و گۆپی ئەم نامەیەش لە بەشی بەڵگەکان دایە.

# هاواری دایکێ

سبەینییەکی زوو، هەوا سارد و رۆژ تازە سەری هێنابووە دەرێ، گوندێکی رووخاو لە دوورەوە، سەحرایەکی واسیع دەنێودا، شەقامە رێیەک بۆ لای رۆژئاوای دەڕۆیی، لە قەراغ رێگایەکەی چۆمی بە خوڕ دەهات.

رووی سەحرا بەگیای شین کراسێکی مەخمەری لە بەرکردبوو، لە وێ کوردێکی جوان هەیکەل، بە خەواڵوویی راکشابوو، لە سەرسەری بە سیمایەکی ماتەمداری و بە جەبینی ئەسیلی دەردەدار، ژنێکی کوردی پیر بە ئەو مەقامانە خەریک بوو لە خەوی هەڵستێنێ:

لە تەئسیری فسوونی رۆژی تابان عالەمێ شۆری
مەگەر تۆ چاوەکانم میری کوردان هێشتا مەخمووری
لە ناز باڵنجی خەو ساتێ، هەڵێنە سەر، تەماشا کە
لە مێرگولان دەخوێنن بولبولی شەیدا بە رەنجووری
بەهار هات و نەشەی بای وەعدەیە عومرم تەماشا کە!
لە بەر ماڵی وەسیعی موڵکی بابت دەنگی سەمتووری
سەدای هات و نەهات و دەنگی زەنگوڵ قۆری کاروانە
کە بارتکۆچی کردو دەستە داوێن هێشتە مەهجووری
چلۆن سەبرێ دەکەی، گەر یاری تۆ بدزن لە ماڵی تۆ
لە نێو بێگانەکان تەشهیر بکەن، نێو بەندی بەرمووری

ئەگەر چی سەبری سیس وەک براێمۆکی وەبن ما بووی
کرێوەی بەفری زستانێ، تەواو عومری بە سەربووری
وەکوو باپیرەگەورەت حیفزی ناموست لە سەر شەرتە
کە دایکت پیر و خوشکت مردوو، ماڵت چۆل و خاپووری
بە مسکینی مەڵێ دەستم بە زنجیری سەخت بەسترا
کە ئەو زنجیرە وەهمە و دەیپسێنی چونکە پڕ زووری
بەڵێ زنجیری دەستت جەهل و غەفڵەت بوو، رەقیبی تۆ
بە ئەفسوون بەستی قۆڵت، چونکە زانی مەست و مەسحووری
ئەوێستا تا لە بیخەی رۆژهەلاتێ تاو هەلات رابە!
بە ئازایی نەجات دە دەستی بەستراوت کە مەغدووری
سەلاحی کاری تۆ سەعییە و عەمەل با بێ نیگەهبانت
بە رووناکی چرای عەزمت بڕۆ بۆ شاری شاپووری
دە «ژین»ێ حەقی خۆت سابیت بکە بۆ یار و ئەغیاران!
بە دەسترە بستڕە فرمێسکی «شەوقی»ی و چاوی بێ نووری
بە بێ تۆ کەلهور و سۆران و موکری و موڵکی بابان زار
کە کیژی بەختیاری، چونکە مەستی ئەوڕۆ لێت تۆری

حەیدەر پاشا - قازی زادە - مستەفا شەوقی

⁎ ⁎ ⁎

## حەسەبی حاڵ دەگەڵ وەتەن

خەمڵیوە لە سەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە
یا سووریی خوێنە کە بڵێی ڕەنگەکەی ئاڵە
پێش تابشی خورشیدی فەلەک وەختی بەهاران
وەک چاوی لە فرمێسکی منە قەترەیی ژاڵە
ئەی بادی سەبا هەستە گوزەرکە بە وەتەندا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە
با بێت و بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک خونچە بپشکوێ دەمی ئەوکوردەکە، لاڵە
بابێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هیجر
بێژێ کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە
قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست،
سەر ناسیەیی پڕ شکەنی کرد بە قەباڵە
چارەت نییە ئەوڕۆکە ئەتۆ دەستە شکاوی
بەدمەستی‌یی مەی بووکە شکا جام و پیاڵە
شەوقی وەرە لەو غوربەتە مایل بە وەتەن بە
بێ خاکی وەتەن، عیززەتی تۆ مەحزی خەیاڵە
بەوکاکۆڵی ڕەش ڕەنگە، کەوا بۆزی فیراقە
با رام بێ لەبۆت فەزل و هونەر، چونکە حەلاڵە

✳ ✳ ✳

## لە بۆ هاوالّی ماتەمدار

بۆچ دەناڵێنی، لە سەر لێوت لە بۆچ بارکەتووە؟
لەشکری زولفت کە خاو و کاڵە بۆچ رووی گرتووە؟
ئاهی تۆ وەک بای سمووم وا هات و قەلبی دادڕیم
ئەی فەلەک کۆستت کەوێ! ئەو جارە بۆ وات کردووە؟
چەندە مەحبووبە لەسەر ئەندامی سەروت جلکی رەش!
تۆ بە فرمێسکی خوێ ئەو، رەنگی رووت بۆ شوشتووە؟
رەنگی تۆ خۆ زەردە، زولفت کاڵە، قامەت مامەشی[1]
یا لەنێو پایەختی رۆمێ سوێسنە پشکووتووە
چاوەکانت کەیلی فرمێسکە لە تیژی ماتەمان
میسلی شوعرای ئەوجی ئاسمانی سەحەر دەرکەوتووە
چارشێو و دەسماڵی تۆ، شەرحە لەبۆ تاریکی شەو
من لە عومرم مانگ لەنێو تاریکە شەو، نەمبیستووە
دەست و پەنجەت چەندە نەرمە، مەرهەمی دەردی دڵە

---

١ - **مامەش** عەشیرەتێکی گەورەیە لە دەوروو بەری شاری **ساوجبلاغ**، کە ژنەکانی بە رێکوپێکی ئەندامییان مەشهوورن.

لێم گەڕێ با ماچی کەم، بەختی جوانیم خەوتووە
لێم گەڕێ ئەوڕۆ بە دەسماڵی حەریر بێم بسترِم
دانەیی مرواری فرمێسکت هەتیوا! هەڵکەوتووە
دابنێ سەر قەلبی زارم ئەو سەری پڕ جۆشی خۆت!
هەم بە لایی دڵم بنووە[1] زەمانی هاتووە
قەلبی شەوقی چون حەریمی عیشقی جێی دیرینەتە
بۆچ دەناڵێنی، لە سەر لێوت لە بۆچ بارکەوتووە؟

* * *

١ - بنوو یا بنووە، وشەیەکی رەسەنی موکریانە، بە مانای خەوتن

# جەوانان

**بە موناسەبەتی زیندوو بوونەوەی هیوا**

هەڵستاون جەوانانی وەتەن دیسان بەبێ باکی
لە حەسرەت دەردی کۆنە مڵکی بابیان، هاتنە چالاکی
دەدڵ عەزم و لە سەر شۆری جەوانی هاتوو دەخوازن
کە بڕژێنن لە سەر خاکی وەتەن خوێنییان بە سەر پاکی
بەلاّ تێرئاو ببێ بەو خوێنە سووره گوڵ لە مێرگوڵاّن
بە شوعلەی نووری ئومێدیان وەتەن با بێتە رووناکی
وەتەن ئەی موڵکی باپیرم! لە بۆچ ئەوڕۆکە رووخاوی؟
لە بۆچ جێ و مەسکەنی وەحش و تیووره[1] خاکەکەی پاکی؟
لە بۆچ عەولادی تۆ یەعنی برازا و مام و جیرانم
بەڵێ باپیره گەوره و خوشک، پوور و باوکە خۆ داکی
لە ژێر کابوسی جەهل و کوت بە یەخسیری دەناڵێنن
سەراپا پۆشەکی رەش، جلکی ماتەم بۆچ دەبەر ناکی؟[2]
لە غوربەت لاوی کوردان بۆ نیگای وەسڵی تۆ مەحزوونن
شەو و رۆژ ناسرەوێن بۆ شەهدی شیرین، ژەهری تریاکی

---

١ - تیوور - باڵندە
٢ - ناکی: ناکەی

لە سەر شاخی بڵیند و مێرگی شینی تۆ بڵا رابن
بە شۆری دڵ بخوێنن بولبولان ئەورۆ بە غەمناکی
وڵات و شاری مە خۆشە بڵا حەیفە کە وێرانە
لە بۆ چاوی بە فرمێسکی جەوانان سورمەیە خاکی
زمانی کوردی شیرینە و هەواری ئێمە رەنگینە
بڵا چونکە هەموومان دوشمنین زۆر سەعبە ئیدراکی
نیفاقی مە گوناهێکی عەزیمە، جا وەباڵی وی
بە گەردنی شێخ و ئاغا و مەلا و دەست و میسواکی
لەنێو دەستەی جوانان دا لە پێشدا **شەوقی** وێستاوە
بە نووری جوببی مەوتین دڵفرووزە هاتە رووناکی
لە رێگای دەوری «هیوا» یەعنی ئۆمێد دەست بە دەست دەگرن
بە عیلم و مەعرەیفەت تێرئاو بکەن جا خاکەکەی پاکی[1]

* * *

١ - کوردستان ژ ٩، ئەم غەزەلە، دوکتور **مارف خەزنەدار** ساغی کردۆتەوە و بە رێنووسی نوێ لە وتاری **دوکتور مستەفا شەوقی شاعیری نیشتمان پەروەری خاکی موکریان** لە گۆواری کولیجی ئەدەبیات ژ ١٥ دا بلاوی کردۆتەوە، بەلام ئەز لە سەر ئەم باوەرەم کە دوکتور **مارف** لەچەند بواری ئاماژەکراوی پێشوودا تووشی هەڵە هاتووە.

# فەریاد

## *بە مناسەبەتی قەتڵعامی رووسان لە ساباڵاغێ*

جەبین مینای زێو، گەردن هوما[١]، خاڵ مشکی تاتاری
شەدە شال[٢]، چاو بە کل، روو سوورە گوڵ، تەڕارو عەییاری
بە بالا سەروی بوستانی، لەتافەت (معجزالسخا)
کە زارت حوقەیی بللور، ددانت دوڕی شاواری
بە لەنجەو لارەکەت وادیارە نەشئەی تۆ لە کوردانە
وەئیلا چۆن دەبێتن پێکەوە زوڵم و وەفاداری
کە ئاوی جۆگەلەی ساباڵاغێ نەشئەی چاوی مەخموورت
لە مێرگوڵەی سەهەند و کێوی لاجانی[٣] بەفر بۆ عالەمی باری
تەماشای چاوی بادامیت و سەبرم (مانع الجمع)ن
شەڕابی تاڵی عیشق و ئەمر فەرموونت بە هوشیاری
جەفایی نووری دیدەی من، لە سەر دڵ گەورە کێوێکە
خودای شەفقەت وەرە قوربان، دەسا جارێ بە غەمخواری
وەرە تا شەرحی ئەحواڵی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم

---

١ - گەردن هوما، یانی گەردن سپی. هوما، یا هومایی، پارچەیەکی سپییە
٢ - لە موکریان، جەوانان لە باتی دەسترەی، شەدەی لە سەر دەبەستن لە ئاوریشمییە.
٣ - ناوچەیەکە لە نیزیک **ساباڵاغ**، جێگای عەشیرەتی **مامەشە**.

وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری
(علیم اللە) لە پاش تەشریف و چوونی تۆ لە سابلاغێ
وەتەن وێران و ماڵ سووتاو دەکیژی لاوی خوێن باری[١]
دەنیو مێرگۆڵەکاندا سوێسنی زەرد و هەڵاڵەی سوور
لە باغ و باغچەکاندا بولبولی شەیدا و پاساری
بە زوڵم و جەوری دوژمن، بوو بەهاریان زەردە پاییزێک
لە بێ روحمی و دڵ سەختی بە باریان بار لە لێو باری
لە ئاغایان و ئەشراف و مەلایان کەس نەما ئەورۆ
لە سەر ئەنقازی ماڵیان خۆ دەخوێنی کوند بە بێ عاری
لەوەی پێش من کە دەمگوت ئەی براکان، غەفلەتو بەس بێ!
جەفات فەرموو و تەعنەتدا کە شەوقی پووچە بازاری
ئەوێ وەختێ ئەتۆ مەستی غروور و حوسن و ئانت بووی
ئەتۆ شاو من جووانێکی فەقیر بووم روو بە شەڕ[٢] شاری
لە تیژی ئاگری عیشقی تۆ زیهنم هێندە مودریک بوو
کە ئەو ئەحواڵەکانم یەک بە یەک دیبوو بە بێداری

* * *

١ – یانی کیژ و کچی لاویان کوشت و خوینی رژا.
٢ – ئەم واژەمان بۆ ساغ نەکراوە.

# تەحەسوری جەوانی و تەڕانەی وەتەن

بە بێ تۆ عالەمی دڵ، غەرقی دەریای یەئس و حیرمانە

تەماشاکە شەپۆل ئەورۆ چلۆن سەرڕێژی چاوانە

عەجەب تۆفان دەرە، حیسی شەبابم هەڵدەچی دایم

لە قەلبی پڕ خرۆش ئەسرینی چاوم لەعلی رومانە

دە(لە) ئافاقی ئەمەل ئەورۆ سەرابە وەسڵی تۆ دوورە

لە بۆیە فەلسەفەی ژینێ لەبۆ من بۆتە ئەفسانە

جوانی و نەشئە و شەوقی حەیاتم بێ تۆ بەر بادە

بەهار رابرد و هاوین هات و پاییز، وەقتی زستانە

خولاسەی مەقسەدی من زولفی کاڵ بوو، بۆیە لێم گێژە

سەراپا فکر و حیسم میسلی زولفی خاوی جانانە

لە شەڕیان و وەریدی جیسمی فانی من وەکوو خوێنە

مەلالی چاوی مەخموورت دەکا دەوران و سەیرانە

بەڵێ هەڵلاجم و ئەورۆ ئەسیری رەنگی بێ رەنگینم

بە سەودای تۆوە مەستم، چونکە چاوت داوییە پەیمانە

ئەسیری حوسنی تۆ چۆن مەعکەسی ئەنواری لاهووتە

لە تاریکی وجوودی کونجی ناسووت رۆژی تابانە

چـــرای فکــرم لە وێ دایــم دەکــاتن ئــیقتیباسی نــوور
مــیسالی پیری مـەی خـۆران لە جـامی لەعـلی مـەیخانە
لە ســەحران مــیرغوزاری عــالەمی ئــەرواحــی عـیللیین
شـەهەنەشاهی و یـوو خـەیاڵی فکـری سـەربازیمە تـاقانە
موحیتی من فەلەک بوو ئەوجی قـودسییەت نـیشانی دڵ
مـونەزە بـووم لە پابەندی فسـوونی جـیسم و خـۆمخانە
کە تەقدیری ئەزەل واهات ئەسیری چاوی جـادووت بـم
دەسیجنی تەبعی جوانان روحـی پـاکـم بـەندی زیـندانـە
چلۆن تەبعی بەشەر مەخلووقی خاکی پاکی تـینەت بـوو
هـــبووتی کـــردووە فکـــرم روحـــم هــاتۆتە هــێلانە
لە نـــێو دنـــیای خــاڵی هــەلبژاردی پــاشی تــەدقیقی
لە جـــەرگەی ئــاسیادا مــەئمەن و مـەئوای شــاهانە
چەمەن شین و سەمەن خۆش‌بین و دایم مەستی ئـەزهارە
بـە شــاخ و داخ و چــۆم و کــانیەکـان سـەرتاقی ئـێرانـە
لەوێ دایـــم دەنـــۆشی بــادەی ســەودا، ســبەینان زوو
بــە پــیاڵە چــاوی نــیرگس بــولبولی ئــاشفتە حــەیرانـە

لەوێ تێرئاو دەبێ خولیای جوانی و رووحی غەمگینان
ئوفوولی ئەرغەوانی رۆژووی پاش مانگی تابانە
کە خاکی پاکی وی لانکە لە بۆ ئێستانی باپیرمان
لە سەر قەبری جەوانان دیدەیی شللێرە گریانە
تەماشای هەر قەدی دارێ مەکە ئەورۆ بە گیان سەختی
کە ئەو شینایە یادگاری قەدیمی دایکی کوردانە
لەوێ ئەورۆ بە بێ تۆ دەردەدارە دایکی سەرشێتت
بە بێ تۆ دەزگیرانت فاتە چاوجوان دیدە گریانە
ئەوێ مولکی قەدیم و مەوتەنی ئەجدادی پێشووتە
بە مەردی! مەی رووخێنە چون حەریمی مولکی بابانە
بە عیلم و مەعریفەت تێرئاو بکە فکری جوانیت تا
دەگەڵ شەوقی بە جووتە موتەفیق بن مەرد و مەردانە

* * *

# وەرەقێک لە دەفتەری خاترات

فـــیدای چـــاوت عـــەزیزم، ئـــەورۆکـــە حـــاڵم پـــەرێشانە

لە دووری تۆ دوو دیدەم غەرقی خوێنە بەحری عوممانە

عـــەجەب! کـــۆرپەی دڵـــم نـــادا هـــەدا، شـــەوگاری تـــەنهایی

نـــەباتی قـــەندی لێـــوی تـــۆی دەوێ بـــێچارە بـــێ‌زمانە

بـــە نـــاز ســـاتێ وەرە دســـتێ بنێ ســـەر قـــەلبی مـــەجرووحم

خـــەناوی بـــێ بـــە سووری پەنجەکانت رەنگی مـــەرجانە

ئـــەگـــەرچی تـــۆلە قـــەومی خـــۆش نـــیهادی پـــاکی بێ‌باکی

بـــەڵام جـــانم، لەمـــاڵەنگۆیە وا چـــەند ســـاڵە مـــێهمانە

زبـــانت چـــونکە نـــازانـــێ، بـــە ئـــیما شـــەرحی حـــاڵی کرد

کـــەبابە جـــەرگی مـــن بـــیبە، هـــەناسەم بـــۆنی بـــریانە

تـــەبەسوم کـــە! وەدەرخـــە مـــوعجزێ بـــۆ عـــالەمی ئـــەورۆ

لە حـــوقەی شـــەکـــرەزارت، لێـــوی لەعـــلت کـــانی دەنـــدانە

نـــقابی رووت دەبـــینی کـــون کـــونە وەک قـــەلبی خـــوێنینم

بـــلاّ خـــۆ شـــاهیدی ســـدقە کـــە مـــەجرای تـــیری مـــوژگانە

درێـــژن هـــەر وەکـــوو زولفـــی ســـیاهت............[١]
کـە قـوببەی سـینەیی سـافت دوکـان و بـاغی سـێوانـە
لە سـەیرانگـاهی گـوڵخانە کـە هـاتی ڕۆژی پـێنج شـەنبە
بوتی مەخمووری چاوت، شەقتی کـرد سـەد تـاق و کـاشانە
دڵت بـەستم بـە ئـەفسوون، ئـەی کـچی ڕۆمـی! چ فـەتتانی!
مـەگـەر دایکت ئـەتۆی نـێو نـا لەبـۆ تـەلبیس و ئـەفسانە؟
وەکوو ئاهووی خـەتاگـەرچی ئـەتۆ نـارۆی لە پـێش عـاشق
خـــەتایی چـــاوی سـەییادە، کـە بـولبول نـایتە هـێلانە
دەفکـری شـار لە ژێـر دارە، گـوڵی تـەردە چـەمەن ڕوژێک
دو لێـــوم بـادەیی لەعـلی لەبـی تـۆی بـرد نـە پـەیمانە
مەلاحەت خەتمە سەر تۆ گەرچی وەک نێوت لە چاو دوورە
لە بـۆ شـــەوقی دوو کـوڵمی پـر فسـوونت تـازە دیـوانە

مستەفا شەوقی

ژین ژمارە ٧-٢ ی کانوون ثانی ١٣٣٤

١ - بەشی کوتایی ئەو کەرتەمان بۆ ساغ نەبووە.

# لە بۆکوردان

لە موڵکی کوردەکان ئەوڕۆ تەپ و مژ هێندە پەیدا بوو
دەڵێی حەشری خەزانە یا لە ڕۆژئاوا، خۆر ئاوا بوو
کە پووری بێکەس و خوشکی هەتیوت چاو بە فرمێسکن
کە ماڵی باب و باپیرت سەراپا چۆل و رووخا بوو
تەماشای دەزگیرانت کە، بە کێردی دوشمنی نامەرد
دڕا بوو دامەنی پاکی و بە هیجران قەلبی سووتا بوو
لە ژێر زنجیری زوڵم و بەندی ئەخسیری چ مەحزوونە
تەماشای دایکی مەحبووبت بکە چۆن دەستی بەسترابوو
کە موڵکی **موکریان**[1] و شاری ساباڵغ بێ تۆ خاپوورە
لە سەر قەبری جەوانان چاوی نێرگس غەرق دەخوێن دابوو
سەراپا مەوتەنی ئەجدادی پێشووت جا تەماشا کە
لە بۆچ رووخاوە؟ بۆچ سووتاوە؟ کاکت بۆچی خنکابوو؟
تەماشاکە کەکانی **قولقولاغی**[2] سوور و سووراوە
ئەوە گەرمە برینی کاکتە چون لێرە کوژرابوو

---

١ - **موکری**، کوردستانی ئێرانە، سەر بە ئازەربایجانی کە ناوەندەکەی شاری ساباڵغە.
٢ - کێوێ کە لە لای رۆژهەلاتی ساباڵغێ.

لە مــوڵکی خــۆشەویستی تــۆ دەخــوێنێ کــوند سـبەینان زوو

کە «ئەی کوردی فەقیر! تاکەی دەنووی هەستە چ قەومابوو؟»

لە بــۆچی تــۆ دەنــووی و خــەڵکی بــێگانە بــە چالاکــی،

ببەستن دەستی پــرزوورت، مــەگــەر مــەردانــەگییت وابــوو؟

لە نێو کوردان کەسێک مــوڵکی نــەبێ، خــۆ نــۆکــەرە بــێشک

لەســـەر خـــەڵقی لەبــەر مــوڵکە کــە ئــەمری ئێوە مــوجرابــوو

بەبێ موڵکی وەتەن، ئەی قەومی کوردی لێت یەقین بێ تۆش،

بە ئەخسیری و زەلیلی سەر دەبەی عومرێک کە بــۆت مــابوو

دەگــەڵ شــــەوقی وەرن ئــەورۆ هــەتاکــوو فــرسەتوو مــاوە

بە عیلم و مەعریفەت تێرئاو بکەن مەوتەن، کە رووخــابوو[١]

* * *

١ - دوکتور **شەوقی** ئەم دوو پەراوێزەی بــو ئــەم دوو شــێعرە بــە تــورکی دانــاوە کــە کردوومنەوە کوردی.

# مەگەر لێم عاجزی؟

لە من بۆچ زیزی عەمرم؟ چاوەکانم، ماهی تابانم
تەوێلت بۆچی گرژە[١] یا چ قەوماوە، چ تاوانم
لە پێشاپێشی تابووری مژەت، هەر دوو برۆت کەچ بوو
دەڵێ بۆ تیپی عاشق زولفەقارە تیغی بورڕانم
کەمەندی زولفی خاوت چونکە بازووبەندی بازوومە
چ حاجەت چاوکەژاڵێ تا بە ئەفسوون بەستی دەستانم؟
ئەگەر لەیل و نەهاران، ئاە و ناڵەم خەورەێنوو بێ[٢]
مەلامەت بەس بکەن چون من غەریب و خانەوێرانم
تەلەسمی گەنجی حوسنی تۆ، موعەممای عالەمی کۆنە
لە حەللی وی بە سەر چوو عومرم و هێشتاکە هەر جوانم
کە نەرمین باوەشی تۆ، بێشکەیە بۆ قەلبی مەجرووحم،
بە لەنجە لێی گەڕێ ساقی! هەدادا توفلی گریانم
بەڵێ شەوقی کەکوردە، چاو بە خوێنە، قەت هەدانادا
بە خوێنی چاوەکانم سوور بووە چاکی گریبانم.

* * *

١ - لە «ژین»دا (کوژە) نووسراوە پێموایە (کووزە) بە مانای چین وچرچی نێو چاوانە.

٢ - ئەم کەرتەمان ئاوا ساغ کردەوە/ *ویراستار*

# غەزەل

## *قازی لەتیف*

لە ژینی ژمارە **٧** پارچە هەڵبەستێکی ***قازی لەتیف***ی باوکی دوکتور **شوقی**، چاپ کراوە، پێم حەیف بوو خۆم لەم غەزەلە ببوێرم و وام بە باش زانی لێرەدا، پاشکۆی شێعرەکانی دوکتور شە**وقی** بکەم.

شاعیری کوردان! مەکەن بەحسی عوزاروزولفی یار
بەحسی بەحسێکی بکەن بۆ کورد، لەمەو پاش بێتەکار!
تایفەی کوردان لە گورج و ئەرمەنستان زۆرترە
حاکمی خۆیان نەبوو، نێویان نەهاتە نێو شمار
تایفەی جاف، سەیدی بەرزەنجە، شێخی تاڵەبان
سەد هەزار نەفسیان هەیە، بۆ دین و دنیا زۆر بەکار
ساحبی قوناغ و سفرە، ساحبی ئەنعام و خوان
ماڵی وان مەئوایە بۆ ئیسلام و بۆ ترک و تەتار
مەعدەن وکانی کەرەم کوردە شوجاعەت ئیرسیان
ئاسمانی مەکرەمەت، بەحری سەخا، عەینی وەقار
روستەمی گورد ـ کورد بوو، بەرمەک کورد و مەعنی زایدی
کورد بوو، ناوی وان هەموو سەبتە لە سەفحەی رۆژگار

باخسوس شاعیر لە وان، بەندە کەمێ تەعداد بکەم مستەفا بەگ، شێخ رەزا، نالی، وەفایی و چاومار عالم و عەلامە ئەغلەب قەومی کوردی بوون وەکوو سەعدی تەفتازانی و سەید شەریف، مەلای حەکار حەزرەتی موفتی زەهاوی، زوو لە بەغدایە دەبوو حەیدەریزادە، جەنابی شێخولئەسلامی ئەنام یەعنی ئیبراهیم ئەفەندی، قوتبە بۆ جەمعی کوبار کانی عیلم و رۆژی دانیش، گەوهەری بەحری وجوود جوود و بەخشینی بە خەروار، فەزل و ئیحسانی بە بار زاتی وەک شێخ قادری تەشریفی ئەورۆ لێرەیە جوزوی ئەعیانانە، لاکن کالە بۆ کوردی هەژار بەحری عرفان، عەینی ئیحسان، سەدری دیوان، فەخری دین نوتفەیی تاها و یاسین، ئەرجمەندی زیوەقار شەخسی وەک عەبدولسەمەد مولالایی کەرکوکی، خودا عومری پێ دا، مووستەحەقە کورد بە ئەو کەن ئیفتخار لەو زەمانەی هاتە ئێرە، قەت لە من غافل نەبوو لوتف و ئیحسانی دەگەڵ من بوو، هەموو رۆژێ هەزار

کە دەهات حاڵی دەپرسیم، دەفعی غەمی لێم دەکرد
کە دەچوومە مەنزڵی، بۆ خواردنی شام و نەهار
سەد هەزار رەحمەت لەئەم باوکە، کەوی تەعلیم کرد
سەد هەزار رەحمەت لە ئەم دایکە، کەوی هێنایە کار
خۆ خسووس مەلا سەعیدی کورد لە ئیستامبوڵی یە
خۆی بەدیعی رووی زەمانە، ئەو مەلای والاتەبار
چاکە ئەو زاتانە، ئەورۆ فرسەتە هیمەت بکەن
مەجلسێکی مونتەعید کەن تا نەبێ کورد تارومار
هەرکەسێ تابع نەبێ بەو مەجلیسە من زامنم
پاش عقووباتێکی زۆر دەی‌هێنم و دەی‌دەم لە دار
خۆ ئەگەر بێتو ئەمن راهی بکەن بۆ مڵکی خۆم،
کوردی ئێرانیش هەموو سەف سەف دەکەم، هەروەک قەتار
هەر چلۆنی رای مەجلیس بێ وەهایان پێ‌دەڵێم
سەد هەزاران بایەعین بۆ ئەمری ئەو پیری هەژار
ئەی «**لەتیف**» حەیفە کە تۆ لێرە غەریب و بێکەسی
وەرنە بۆ ئەم مەسئەلە فەردی وەکوو قوتبی مەدار

* * *

**ئەم شێوازە بە زاراوەی سنەیی گوتراوە**

## هەموومان[1]

بۆ مچەی قازی

کـــوردان وەرن بـــەیەکـــۆ دەس بـــەدەس بـدەێن
بـــۆ کـــۆمەڵە هـــەژارەکـــەمان بـا لەنـــاو نـــەچین
خـــەڵقیۆ لە ژێـــر ســـێبەری عـــرفان حـــەساوەتەو
ئـــێمە خـــەریکی مـــن‌من وتـــۆتۆی جـــەهالەتین
بـــێژگە لە کـــۆمەڵی کـــورد، کـــەس نـــەماوەتەو
ژێـــر دەســـتی‌یی ئـــەموئەوکـــا بـــە نـــاوی دیـــن
دیـنمان لە دیـنی خـەڵقی بـە قـووەت، مـەتین‌ترە
لەم ڕێگـــەداگـــەلێ لەپـــێشەوە هـــەین و مـــەزن‌ترین
کۆمەڵ بە عیلم و دیـن و مـەعرەفەتەو بـەرز ئـەبێتەوە
وەرنـــە لەژێـــر چـــنگی جـــەهالەت دەپـــەرتوکین
ژێـــــردەستەیی لەبـــۆکـــورد شـــینە، زەلالەتـــە

---

١ - ژین ژمارە ٢١ هەژدەی حوزیرانی ١٣٣٥ - داوە ئـەردەلانی - ئـیستامبوڵ. داوە ئەردەلانی هەمان دوکـتور مـحەممەدی مـێهری مـوفتی‌زادەیـە کـە خـاوەنی گـۆڤاری کوردستان لە ئیستامبوڵ بووە.

بۆچی لەژێر ئەمری خەڵقی بمێنین ئەسیر ببین

ئەقوام بە ئەمری حەزرەتی ویلسون خەلاس بووە

سەربەستە، حوورە، وێڵە لە زنجیری ئاسنین

وەختی قسەی هەڵیت و پەڵیت ڕۆی بڕایەوە

با، سا، لە کاسەلیسی هەموومان ڕەها ببین

هەڵسین و میللەتی کورد بەرز بکەینەوە

کورمانج و کورد و لوڕ بەیەکەو ئیتفاق بکەین

* * *

### وتارەکانی دوکتور مستەفا شوقی قازیزادە

# وەتەن

لە خەڵقەتی حەزرەتی ئادەم، کە ئینسانی حازری هەموو نەوەی وینە، دونیا وەکوولە کتێبی موقەدەس دا نووسراوە، سەراپا چۆل و دێم و لێڕەوار بوو. بەغەیری وشە - وشی با وگورەگوڕی ڕەعد و خوڕەی چۆم و دریایان و زیڕە و زیرۆی (زریوە زریوی) داعبایان شتێکی دیکە لە سەر ئەو عەرزە وەسیعەی مەوجوود نەبوو، سەراپا چۆل و واحیدەلقەهار.

ئەوێ دەمێ حەزرەتی ئادەم هاتە سەر ئەو ئەرزە، چۆن لەوێ بە موقتەزیاتی خودای، مەئموور بوو کە (بە) عەولادی خۆی، ئەو سەحرا واسیعەی مەعموور بکاتن، تاوەکوو لە نێو زریەتی وی‌دا، هەندێک وەحدانیەتی خودای بزانن، وجوودی وی تەقدیس بکەن. حەدیسی قودسی خودا دەفەرمێ: ***کنت کنزا مخفیا فاردت ان اعرف***. یەعنی: ئەمن وەکوو خەزێنەی پێش چاوان ون بووم، کەیفم لێ‌بوو عەبدی من بمناسن... ئاوا بوو دنیام خەڵق کرد.

جا لەبەر سرری ئیلاهی بە زەمانێکی کەم لە دایک وبابێکی، زۆر کەس پەیدا بوون و سەبر سەبر رووی دنیایان گرت. بلاّ ئەوان وەکوو ئێمە خانوو و شاریان نەبوو، جووتیان نەدەزانی، لیباسیان لە بەردا نەبوو، وەک مەیموونان بە میوەی داران و رەگی گیایان بەڕێ دەچوون... و لە بەر شیددەتی سەرمای

زستانێ و گەرمی هاوینێ، وەحش و دڕندان، زۆریان مردن، متەفەرریق بوون. وئەگەر ئەو ئینسانە زەعیفانە بەئەوجۆرەی مابان و لەبۆ موحافیزەی خۆیان لە قەوەی عەقڵیان ئیستفادەیان نەکردبایە، ئەوڕۆکە ممکین بوو ئینسانێک لەسەر دنیایی نەبێ.

مەعلووم بوو کە ئەودەمی زەروورەتی ئیحتیاج، ئینسانی مەجبوور کرد کە بە خڕی حەتەلمەقدوور لە موقابیل دوشمنی خاریجی رابوەستن. لە دوایە لە مغارە و هلۆڵی داراندا وەخڕ بوون و عایلەیان تەشکیل کرد و لە بەرد و داران، بۆ مودافیعەی نەفسیان ئەسلەحەیان سازکردو بەو نەوعە، مەرتەبەی ئەوەڵ مەدەنییەت، پەیدا بوو.

لاکین ئەوەش لە موقابیل ئیحتیاجاتی نامتەناهی ئینسانی کیفایەتی نەدەکرد و شەو و رۆژێ ئیحتیاجی ئینسانان روو لە زێدەیی بوو. مەجبوور بوون لە قەوەی عەقڵیان ئیستیعانە بکەن و دەفعی ئەو ئیحتیاجانە بکەن و ئەوەبوو کە مەعدەنیان کەشف کرد و لیباسیان دروست کرد و حەیوانی وەحشی، وەکوو ئەسپ و گاو و گامێشیان رامی خۆیان کرد. هەتاوەکوو ئیحتیاجی سەفەر و ئیحتیاجی جووتی و خواردن بە وان تەئمین بکەن. ئەوە تەبەقەی دویەمی مەدەنییەتە و لە ئەو دەورەدا حەقیقەتەن عایلەی بەشەر کەمێک رفاهی پەیدا کرد. لاکین چونکە ئینسان بە تایبەت مەجلووبی حیرس و تەمەعن و لە بۆ ئەوەی کە بە ئەزییەتێکی کەم، سەعادەتێکی زۆر

پەیدا بکەن، هەڵستان دەستیان کرد بە خراپی و چاویان لە نیعمەتی جیرانی خۆیان بڕی کە تالانی بکەن و ماڵی زۆر پەیدا بکەن. و بەو نەوعە ئینسان بۆ جەلبی مەنفەعەت، بوون بە دوشمنی یەکتر و دەستیان بە شەڕ و پیاو کوشتنان کرد و بەو نەوعەی حیسی برایەتیان لە فکر چۆوە. ئەو کەڕەتەی ئینسان مەجبوور بوون کە بە موتتەفیقی نیعمەتی خۆیان لە موقابیلی یەکتری موحافیزە بکەن و ئەوە بوو کە عەشیرەت و ئەقوام پەیدا بوون، وا مەعلووم بوو کە ئەو هەموو ئەزییەتەو سەعی یە لە بۆ تەئمینی ئیستراحەتیش، فەقەت بەو دوو شتانە ممکین دەبی:

**١ - تەدارەک کردنی لەوازماتی حەیاتییە**

**٢ - موحافیزە لە دوشمنی خاریجی**

***لەوازماتی حەیاتی ئینسان***

ئێمە دەزانین کە ئینسان بە خواردن و پێخەف و لیباسی موحتاجە و ئەوانەش ممکین نابێ کە بە یەکێ بێتە جێ، دەبێ یەکێک خەیات بێ، ئەوی دیکە کەوش دروو ویەکێکی دی جووتێر بێ. کەوش دروو لە موقابیلی کەوشی خۆی لە جووتێری دەغڵی بکڕێ و جووتێریش لە موقابلی دەغڵی لە خەیاتی لیباسی بستێنێ هەتا وەکوو نە جووتێر بێ لیباس و نە خەیات بێ دەغڵ و نە کەوش دروو بێ لیباس بمێنێ. ولەوەش تەقسیمی ئەعمال هاتووتە وجوود،کە دەڵێن:

(ئینسان مدنی الطبیعە) مەعنای وایە لە بۆ دەفعی ئیحتیاجی خۆی دەبێ لە رەفیعی خۆی مەزهەری معاوەنەت بێ.

وا ئەوەش بنەمای مەدەنییەتە و بەس.

## موحافیزە لە دوشمنی خاریجی

ئەوەش دیسان بە پیاوێکی ممکین نابێ، چونکە ئەو بە تەنها نە لە موقابیلی دڕندەی وەک شێر و پڵینگ و نەلە موقابیلی دوشمنی بنی نەوعی، خۆی پێ موحافیزە ناکرێ.

جا لە بەر ئەوەی مەجبوور بوون کە چەند کەسێک وەخڕبن و ئەو دوشمنانە دەفع بکەن. بلاّ ئینسان ئەو وەختەی دەتوانن پێکەوە بژین کە ئیرتیبات و تێکەڵییان ببێ. ئەو تێکەڵیەش بە خزمایەتی یەوە یا خود هاوزبانی یە، کە ئەویش دەچێتەوە سەر خزمایەتی. مەسەلەن کە پیاو بۆی ممکین بێ، ئەڵبەتە دەگەڵ خزمی خۆی دەژی و قەتعەن ممکین نابێ کە کورد دەگەڵ عەرەبێکی کە زبانی وی نەزانێ، هەتا هەتایە بژی و لە بەر ئەوەی بوو کە خزم و ئەقرەبا وەخڕبوون و لەبۆدەفعی ئەو ئیحتیاجانەی کە عەرزم کردن، عەشیرەتێکیان دانا و ئەو عەشیرەتەش زۆر بوون، دوو عەشیرەت، گەلێ عەشیرەت... نیهایەت قەومێکی لێ پەیدا بوو. و دەحەقیقەتدا هەر میللەتێک کە عیبارەتە لەئەو هەمووە عەشیرەتانە خزمی یەکترین و ئەرازی یەکی کە لەبۆ خۆیان گرتووە وەتەنی وانە.

چلۆن خانەوادەیەک، یەعنی ژن و پیاوێک بەبێ ماڵ ناژی و عەشیرەتێک لەبۆ تەئمینی ئیستراحەتی خۆیان ملکێکیان پێدەوێ کە مەڕی لێبلەوەڕێنن و جووتی لێبکەن... ئەڵبەتە قەومێکیش، بۆ ئەوەی لە سەر دنیا بمێنێ ئەرزێکی پێلازمە، ئەو ئەرزە عیبارەتە لەمەجمووعەی مولکی ئەو عەشیرەتانە.

ئەگەر وابوو، بە مولاحزەی وەی کە ئەمن کوردم، ئەرزی من کوردستانە و وەتەنی رەنگینی منیش ئەوێیە. وە بە مولاحزەی وەی کە ئەمن عەشیرەتم مولکی من سابلاغە و مەلاحەزەی وەی کە فەردم ماڵە من لە سابلاغێیە. ئەگەر وابوو مەعنای وەتەن مەوهووم نییە و موحیببەتی وەتەن وەکی پێغەمبەر(س) فەرموویەتی: (حب الوطن من الایمان) لازمە. پەس وەتەنی ئێمە عیبارەتە لە مەجمووعەی مولکی ئەو عەشیرەتانە کە هەموو پێکەوە خزمن و هاوزبانن، و لەبۆموحافیزەی مەوجوودیەتی خۆیان، بەڵکوو چەند هەزار ساڵ لەئەوەی پێش، وەعدە و قەولییان کردووە کە پێکەوە بژین و لە موقابیلی دوشمنی خاریجی پێکەوە حەرەکەت بکەن، و لە بۆ ئێمە لە باب و باپیرمان بە میرات بەجێماوە و دەبێ ئەگەر دەمانەوێ کوڕی بابی خۆمان بین، قەولی وان نەشکێنین و حمایەتی مولکی یەکتری بکەین، چونکە هەموومان خزمین. بە ئەو نیشانەی کە حیسمان، فکرمان، ئەخلاقمان، عادەتمان، موشتەرەکە. ئەگەر بێتوو قسەی وان بەجێنەهێنین و مودافعەی

یەکتری نەکەین، چمان لێ دێ؟ بە بێشک، هەمووومان دەبین بە یەخسیری ئەقوامی دیکە، کە چاویان لە مەملەکەتی خۆشی ئێمە بڕیوە. و ئەمیش پێموایە پیاو کە پیاو بێ، پێی عەیبەماڵی خۆی بە حیزی بەجێبێڵێ و حەرەمی خۆی بەرەڵڵا بکاو ببێتە نۆکەری خەڵکی. عەرەب دەڵێ:

***فاختر لنفسک متر لا تعلوبه***

***اومت کریما تحت ظل القسطل***[١]

بەس وەتەنی ئێمە مەعلوومە، حازر و مەوجوودە، ئەو بەس کوردستانە، مەیهدی زهووری مەدەنییەتی عالەمە. جەمشید و فەریدوون و کەیخوسرەوی ئێمە بەنای حکوومەتیان دانا، رۆستەمی ئێمە نموونەی شوجاعەتی باب و باپیرمانە. مڵکی ئێمە، وەتەنی ئێمە یادگاری جەمشیدە، فەریدوونە کەیخوسرەوە و ئەوان لە مەجلیسی شاهانەی خۆیان بە ناموسی خۆیان سوێندیان خواردووە کە حیفزی بکەن. ئەڵبەتە ئێمەش حیفزی بکەین و دەبێ قسەی وان نەشکێنین، هەتاکوو عالەم تەعنەمان نەکا.

لە دوای ئەوەی کە وەتەنمان حیفز کرد، لەبۆ تەئمینی ئیستراحەتی خۆمان دەبێ سەعی بکەین و وەکوو قەومی دیکە، بە واسیتەی زۆر شتی

---

١ - ئەم شیعرە عەرەبییە، مامۆستا بۆزئەرسەلان کردویە بە کوردی، بەم جۆرە:

بۆخۆت جێگەیەک هەڵبژێرە کە پێی پایەبەرز بیت

یانیش پیاوانە لە ژێر تۆزی شەردا بمرە

تازە زهووری مڵکی خۆمان،ماڵی خۆمان، ئاوەدان بکەین، ئەگەر وابکەین دەژین وەئیلا دەمرین، و یا خۆ دەبین بە یەخسیر.

زان صرصر شمال و زان آتش جنوب
«شوقی» وطن خراب وگلشن ارغوان شود[1]

* * *

١ - ئەم شیعرە فارسی یەشی بەم جورە کردوتە کوردی:
بەو بای سەرسەری باکوور و بە بای ئاگری باشوور
شەوقی وڵات وێران و گوڵشەن بە ئەرغەوان بێت

سەرجەمی ژین پاژی ٣ لاپەرە ٥١٧

# وەزعیەتی ئێمەکوردان دەعەسری حازردا

ئەوێستاکە دەعالەم دا ئەساسی عورف و عادەتی کۆنە، بە تەڕەقی زەمانە و پێشکەوتنی علووم و فنوونی تازەکە هەر یەکێک لە وانە خاریقولعادە فکری ئینسانیان ئیشغاڵ کردووە، سەبرە سەبرە تەکامولی کرد و لە بۆ سەعادەتی بنی بەشەر، عالمان لەو هەمووە قەوەت وتەئسیراتی تەبیعی یە بە نەوعێکی (محیر العقول) ڕێگای ئیستراحەتی ئینسانیان تەئمین کردووە.

بەس، لە بۆ ئیستراحەتی ئینسانان بووکە ڕێی ئاسن (شەمەندە فەر) و کەشتی بۆخاری، لە پاش ئەو هەموو موشەقەت و دەردیسەریە ئیجادکرا. بە واسیتەی وی ڕێگای دوور نزیک بۆوە، مشەقەتی سەفەری زەمانی قەدیم، کە دەبوایە بە پشتی وڵاغی بکرێ، بە تەواوی لە دنیایە - غەیری مەملەکەتی بەدبەختی ئێمە - هەڵگیرا، و بۆی ممکین بووکە خانەوادەی نەوعی ئادەم بە ئاسانی لەگەڵ یەکتری تێکەڵی پەیدا بکەن و لە جیرانی خۆیان شتی تازە فێربن و لە شاری یەکتری هاتووچۆیە بکەن و بە نەوعێ توجارەت بکەن و ماڵی خۆیان ئاوەدان بکەن.

لە لایەکی دی هەر ئەو عیلمە و فەنە بووکە لەبۆ چارەی بەعزە موسیبەتێکی کە دەپێشوودا، بە پەنجەی غەداری خۆی زۆر مەملەکەتی خراپ کردبوو، چرای چەند هەزار ماڵی کووژاندبۆوە، دەرووڕێگایەکی

راستی دۆزییەوە و لە بۆ ناخۆشی و دەردەداریان، عیلمی تەبابەت ـ وەکوو پێغەمبەر(س) فەرموویەتی: (لکل داء دواء) ـ دەرمانێکی تازەی دییەوە و لە سەر سەری زەعیفی ئینسانی رەفع کرد.

ئینسان دەتوانێ بڵێ کە زۆر موسیبەت و دەردی پێشوو، ئەورۆ تەواو دەفع کراون. بەس مەعلووم بوو زەمانی دەئێستا، خولاسەی سەعی و غیرەت و کەشفیاتی چەند سەد ساڵەیە، و ئەو هەمووە تەرەقییاتە بەرەو شتێکی تازە، ژیانێکی دیکەیان پەیدا کردووە، و هەموو دنیا لە تەرزی ئەو ژیانەی، بە قەدری ئەوەی لازمە ئیستیفادەیان کرد. و ئەوە بوو کە ئەورۆکە مەدەنییەتی حازرە، یا خود مەدەنییەتی عەسری بیستوم هاتە وجوودی.

کەوا بوو ئینسان دەتوانێ بڵێ کە عەسری وێستا، خولاسەی سەعی و تەرەقی ئەو هەمووە ساڵەیە و ئەوان کەسانەی کە ئەوێستا دەژین، دەیانەوێ کە ئاسوودە و مەسعوود بن.

دەگەڵ ئەو هەمووە پێشرەفتییە، عەسری حازر لە گەلێک شتاندا لە دوایە و عیلم و فەن نەیتوانیوە لە ئینساندا بەعزە سفەتێکی خراپ هەڵ بگرێ، مەسەلەن حیرس و تەمەع. ئەوێستا فکری هەموو کەس ئەوەیە کە رزقی غەیری خۆیان برفێنن و دەڵێن: ئەمن دەخۆم ئەتۆ مەخۆ! لەو خسووسەی دا، زەمانی پێشوو دەگەڵ ئەو هەموو جەهلەی چاتر بوو، چونکە حیرس ئەوەندە زۆر نەبوو، پیاوی فەقیر و میللەتی بێ‌دەسەڵات دایمەن موحافیزە

دەکران. بلاّ ئەوێستا وانییە (مع التاسف)، وەکوو دەڵێ: (فلک زده و از هر طرف سنگی)[١]. ئەوانەی کە بە زەعیفی مان لە هەموو تەرەفێکی تەعەرووزیان بۆ دەکەن، بە تەمەعی کراسی بەری دەکوژرێن، لەبەر ئەوەی لازمە، بێدەسەلاّتان لە بۆ موحافیزەی حەیاتی خۆیان، زۆرتر تەقەلایە بکەن تا وەکوو نەمرن. بەڵێ لە عەسری حازر، ئینسان یا دەبێ سەعی بکا بژی یا خود کە تەمبەڵ بوو بمرێ.

جا بە ئەو مولاحەزە، ئەمن پێم خۆشە کەمێک ئەحواڵی خۆمان تەماشا بکەم (مع الممنونیە) دەبینم کە قەومی من یەعنی کوردان، میللەتێکن موستەعید و وەتەن پەروەر و دایمەن لە بناغەی تاریخییان هەتا وێستا کە چوار هەزار ساڵ رابردووە، و دەگەڵ ئەوەی زۆر قەومی جیرانیان وەکوو ئاسووری و بابیلی و سایرە کە مەحوو بوون و ئەورۆکە کەسیان لێ نەماوە، ئەوان بە واسیتەی ئەو حەمییەتەی کە هەیانە هەر ماون و هەم وەهامان کە ئینسان ئەورۆ دەتوانێ بڵێ کوردستان هەیە.

ئەو کوردستانە کە خەڵکی وێ هەموو عەشیرەتن، پیاون، بە غیرەتن، موسوڵمانن، ساحێب ناموسن، مەدرەسە و فەقێیان هەیە، ئەسپ و ماینی حدوود دەبەخشێ.

فەقەت چ فایدە؟ ئەورۆ لە دنیایە دوور ماون و لە فکری خراپی

---

١ - فلک زده را میرسد زهر طرف سنگی (ئەحمەد قازی)

خەڵکی کە لە حەقی وانیێان هەیە، تەمامەن بێخەبەرن. هە تا وێستا چون لە ڕۆژئاوایە (مەغریب، فەرەنگستان) دوور بوون، ئاگایان لە هیچ نەبوو و وایان دەزانی کە وەکوو پێشوو دەتوانن لە ماڵی بابیان ڕاحەت بمێنن. بەڵا ئەوڕۆ (مع التاسف) زەمانە وا نەماوە، جێگایان خراپە، بە چاکی ناتوانن ڕاوەستن، لە بۆ دەفعی ناموسمان، وەتەنمان، مەجبوورین کە ئێمەش وەکوو خەڵکی بە غیرەت بین، بە قەوەت بین، ئێلمان هەبێ، بە خەبەر بین، وئیلا دەمرین.

بەڵێ براکانی من! ئەمن کوردم وبە وەی فەخر دەکەم، بەڵا چ بکەم زەمانە بە تۆبزی ئیترارم پێ دەکا کە بڵێم، ئەوڕۆ قەومی ڕەشی وەحشی ئافریقای گەرم، بە واسیتەی عیلم و هونەر لە دنیادا جێگایان هەیە، مەکتەبیان هەیە، ڕێی ئاسنیان هەیە، دەوڵەمەندن، بەڵا ئێمە دەگەڵ ئەوەی کە قەدیمین، ئەسڵمان نەجیبە، بەدبەختین و هێشتا لە مەملەکەتی خۆشی کوردستانی بە هەچە هەچەی گوێدرێژێ دێین و دەڕۆین... لە بەر بێعیلمی مردوومان بێ نوێژێ دەمرێ... لەبەر بێحەکیمی دایکمان لە سەر منداڵی وەفات دەکا... لەبەر پیسایی چاومان کوێر دەبێ، لەبەر بێسەنعەتی چەند پووڵێکی کە بە ئەزیەت وەگیرمان دەکەوێ بە خۆڕایی دەدەین بە خەڵکی... و ئەگەر خودای نەخواستە وا دەوام بکا، سەروەتمان زایع دەبێ و مڵکمان لە دەست دەڕوا و دەبین بە نۆکەر و بە زەلیلی دەمرین... ژنمان فەسادکراوە، وەکوو ئەو جارەی فەسادکرا.

فەقەت لە بۆ ئێوە حەیفە دەگەڵ ئەو شانوشەوکەتەتان وا بە فەقیری راوەستن و بە تەمبەلیێ موڵکی عەزیزتان لە دەست بدەن. ئەڵبەتە ئێوە کە ساحەب شەرەفن قسەی من لە گویێدەگرن. وەرن تا زووە، لە بۆ خاتری ئێسکی باب و باپیرانمان ئیتفاق بکەین و وەتەنی خۆشمان قوربانی مەنفەعەتی رەزیلە و کورسی ریاسەت نەکەین، چونکە وەقت تەنگە... و دوشمن لە غەفڵەتی ئێمە ئیستفادە دەکا، (حی علی الفلاح) وەئیلا پەشیمان دەبنەوە، و ئەویێ دەمێ هیچ فاییدەی نییە.

*بعد از این گر بسر قبر من آیی تو، چنان می‌ماند*
*نوشداروکه پس از مرگ به سهراب دهند* [١]

* * *

١ – مامۆستا بۆزئەرسەلان ئەو شێعرەی ئاواکردۆتەوە کوردی:
لە پاش ئەمە گەر بێیتە سەر گۆرم وەکوو ئەوەیە
نۆش دەرمان لە دوای مردن بە زوهراب بدەن.

## تەرەقی دینمان دەوێ[١]

چەندێک لەوەی پێش بە واسیتەی ڕۆژنامەی **هەتاوی کورد**، لە خسووس فایدە و مەنفەعەتی مەکتەب، چەند سەترێکم عەرزکردبوون.[٢] ئاغایانی موحتەرەم عەرزی ئێمەیان قەبووڵ فەرموو، وادیارە کە ئەلحەمدولیلا حەمیەتی کوردان هاتۆتە جۆش. مەخسووس شوکر دەکەین، ئێمە موسوڵمانین، ئیعانە کردنی یەکترمان لە سەر لازمە حەتتا پیغەمبەر(س) فەرموویەتی: «من نفس علی اخیه کربه من کرب الدنیا نفس الله عنه کربه من کرب یومالقیامه، والله فی عون العبد مادام العبد فی عون اخیه». یەعنی: «کەسێک لە سەر برای خۆی، مەتڵەب برای موسڵمان و چونکە هەموو موسوڵمان پێکەوە بران - انماء المومنون اخوه - غەمی دنیایە دەفع دەکا، غەمێکی قیامەتی لە سەر هەڵدەگرێ و خودا ئیعانەی عەبدی دەکا، مادامێکی ئەو ئیعانەی برای موسوڵمانی خۆی بکا.»

مولاحەزە فەرموون چەن ساڵ پێشتر لە شاری سابلاغێ و ئەترافی وی،

---

١ - ئەم وتارە لە ژمارە ٣ی گۆواری ***هەتاوی کورد***دا، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩١٣دا بلاو بوتەوە، چاپ کراوە. لەم وتارە دەردەکەوی کە ***مستەفا شەوقی*** لە ساڵی ١٩١٣ دا هەر لە سابلاغ بووە و پەیوەندی دەگەڵ کۆڕ و مەکۆ فەرهەنگی و رووناکبیرییەکانی کورد لە ***ئیستامبول***دا هەبووە.

بۆ زانیاری پتر بروانە گۆواری ***کاروان*** ژمارە ٥٣ شوبات و مارتی ١٩٨٧

٢ - بۆ زانیاری پتر بروانە گۆواری ***کاروان*** ژمارە ٥٣ شوبات و مارتی ١٩٨٧

بە چ جۆرێک عیلم وفەزل لە تەرەقی دابوو و چەند مەلای وەکوو عەلی تورجانی و مەلا پێنجوێنی و مەلای پیرەباب و مەلا وەسیم، بە وجوودی خۆیان عالەمیان موزەییەن فەرموو بوو، چەند کەس لە ئەهلی تەریقەت و لە پیرانی دڵرووناک، بە ئیرشادی خۆیان رەونەقیان بە دینی ئیسلامی دابوو. دەگەڵ تەئەسووفی حاڵی حازر لە هەزار فەقێیان، مەلایەکی وا و لە هەزار موریدان، پیرێکی وا نابێ، بۆچی؟ بە بێشک دەفەرموون:

- چونکە وەقت هەتا دێ خراپتر دەبێ!

باڵا ئایا ئێمە لە موقابیل ویدا نابێ حەرەکەتێک بکەین؟ دەبێ هەروا مەئیووس و نائومێد بین؟ ئایا بە خراپی ئەودەمی تەکلیفی شەرعیمان لە سەر لادەچێ؟ رەجاولێدەکەم چلۆن کرمانجانی لادێی کە لە هەزاریان دوویان بە تەواوی فاتیحا و نوێژێ‌نازانن، دروستە پێیان بڵێی موسوڵمانن؟ عولەمای ئێمە ئەگەر ئەمر بە مەعرووفییان لەکن واجبە، بۆچی بەبێ وەی کە ئاغایەک، ساڵێ سەد تەغارگەنمییان نەداتێ، تا فاتیحا و نوێژیان پێ‌بڵێن، دیارە کە ئەواکەمتر فکری پاشە رۆژیان هەیە. کرمانجی فەقیر مردوویان، بە ئیسلامی خۆیان، بەبێ چەقۆدەمرن و تەڵقینیان دانادرێ.

ئێمە هیچ ناڵێین کە علمی دنیایە بخوێنن، دەگەڵ ئەوەش وامەکەن کە عیلمی دینیشمان لە دەست بڕوا. ئەرمەنی ئێستا ئینجیلیان بە کوردی تەرجومە کردووە، تۆخودا ئەی ئەهلی ئینساف! کوردێک

کە نەزانی محەممەد (س) کێ بووە و لە کوێ وەفاتی فەرموو؟ شەریعەت چییە؟ چلۆن دەتوانێ دینی خۆی ڕاگرێ؟ و لە موقابیلی واعیزی فەرەنگییان کە بە زبانی لووسیان، شەیتان هەڵدەفریوێ، هەڵنەخلەتێن؟

ئایا ئەگەر زەمانە وا دەوام بکا، ئێمە چییمان لە خەڵکی دنیایە زیاترە کە بە دوو سێ پشتیان دەگەنە موسوڵمانان، بۆخۆشییان کافرن. لە یەکێکیان پرسی:

- نێوت چی یە؟

دەڵێ:

- نیقۆلا

- نێوی باپیرت چی یە؟

- پترووس

- نێوی بابی باپیرت؟

- ژورژ

- نێوی باپیری باپیرت چی یە؟

دەڵێ:

- محەممەد!

دەگەڵ ئەوەی کە سێ پشتی پێشوویان موسوڵمان بووە، ئەوێستا کافرن. عیلاجی ئەو دەردە دوو کەلیمەیە و بەس، کتێبی شەرعی بە کوردی

قسەکەی تەرجومە بکرێ.

ئەی بێن حوجرەیەکی فەقێی فەقیر، پاش بیست ساڵ خوێندن، تا بزانی چ عەیبێکی هەیە؟ بەکوردی تەرجومە بکرێ و بە دووساڵان ئەو فەقێ فەقیرە فێری بێ. مەقسەدی ئێمە ئەوەندەیە، نیشانی تەرەقی و بەختەکە ئاغای **محەممەد حوسێن خانی سەرداری موکری**[1] کە خانەدانێکی نەجیبە و حاکمی ساباڵاغی‌یە، بە سیفاتی حەمیدەی خۆی مەشغووڵە کەئەو مەعرووزاتی ئێمە و مەفهووماتی رۆژنامەی موحتەرەمی **هەتاوی کورد** لە قوتابی و خودا دەوامی بدا.و خسووسەن کە جەنابی **مەولانا حاجی محەممەد سادق**[2] عەزمی فەرمووە کە لە **شەرەفکەندی**[3] مەدرەسەیەکی بە زبانی کوردی بنیاد بکەن، ئێمە دلمان دەجۆشی و پڕ دڵە خوێن...

مولاحەزە فەرموون ئەگەر قسەکەمان خراپە، ویا زەرەرێکی بۆ دینی موبینی تێدایە، دەگوێی مەگرن و ئەگەر خۆش و باعیسی تەرەقی دینی ئیسلامی‌یە **لا تنظر الی من قال وانظر الی ماقال**

---

١ - سەردار **حەمە حوسێن خانی موکری** لە زستانی ١٥ - ١٩١٦ لە لایەن تورکانەوە لە دار دراوە.

٢ - مەولانا **محەممەد سادق** مەشهوور بە مەلای **مەرزینگ** یەکەم مەلا بۆوە بە کوردی مەدرەسەی داناوە و دەرسی کوردی بە فەقێ‌یان گوتوتەوە.

٣ - **شەرەفکەند** ئاواییەکە لە رۆژئاوای بۆکان و لە نێوان مەهاباد و بۆکاندایە.

دەگوێ بگرن و ئێمە مەناسن.

مـرد بایـد کە گـیـرد اندر گـوش
ور نوشتـە است پنـد بـر دیـوار

سعدی

وەسەلام - علی من اتبع الهدی

**سابلاغ - قازیزادە - مستەفا شەوقی**

* * *

## مکاتبات دکتر شوقی قاضی زاده

**همشیره**[۱] مکرمه مهربان دامت عفتها

چندی قبل مراسله شریف را زیارت کرده، از مژده صحت و سلامتی آن وجود عزیز، فوق‌الحمد ممنون خرسند گردیدم. حق تعالی وجود شریف و مزاج فرزندان که نورچشمان این غربت‌زده میباشند، از جمیع مکان و سیئات محفوظ فرمایند، علی‌الخصوص تمثال و عکس آن وجودان عزیز، چندان رقت و غریبی فراهم آورد که بلااختیار اشک حسرت از دو دیده‌ام جاری گردید. ایا منزلی سلمی سلامی علیکما. هل الارض الاتی محضین دواجع. منتقد حالات اینجانب گردیده بودند. بحمدالله حکم سلامت و بغیر از دوری و محرومی فیض حضور، کدری فراهم نه. چنانکه امیدوارم این هجران به زودی زود مبدل وصال شود. در رقیمه‌جات گذشته، چنانکه نوشته بودم، فی‌الواقع در این پاییز خیال مراجعت داشتم. ولی از آنجا که دختران بنده چنانکه در عکسشان معلوم می‌شود، خیلی کوچک وتحمل مشاق سفر ندارند، باالضروره مراجعترا به همین بهار تعلیق گردید. و چنان خیال دارم که در اول وهله به سمت ریاست صحیه ولایت وان که بساوجبلاغ خیلی نزدیک است، بآن طرف بیایم و سپس زیارت وطن مبارک بنمایم و چشمان اشتیاق را قرین سرور و ابتهاج نمایم. واقعا از این زیادتر

---

۱ -**گوهرتاج** خانم، همسر ***رسول فتاحی*** و مادر خلیل،حسن‌ورزاق فتاحی قاضی.

اقامت غربت جائز نیست، ولی از آنجائیکه میترسم که اهالی مملکت قدر قیمت بنده را نشناسند و بسعی و عمل زیادی موقعیکه اکنون در پیش حکومت کردی بدست آورده‌ام، بخیال اینکه در وطن کاری بدست آوردم نمیخواهم به آسانی ترک کنم این است که هنگام بودن در ولایت وان، بنزدیکی احوال وروش وطن را تدقیق خواهم کرد. در صورتیکه در وطن مبارک موقعی خوبی تصور کردم، البته اقامت در وطن را ترجیح خواهم کرد.در این صورت انشالله در همین پنج شش ماهه مراجعت به وطن نصیب خواهد شد. محض یادگار عکس افراد عائله و دختران را بعرض دست بوسی تقدیم مینمایم. نهال دختر بزرگی ما بشما خیلی مشابهت دارد. اکنون نهال در سن شش ساله‌گی و مرال در چهار ساله‌گی، اولکه هم سه ساله وگل سر هم یانزده ماهه است و همه دست محترمت را میبوسند.

نورچشمان میرزا محمد خلیل و میرزا حسن و دیگرانرا دیده بوسم در خدمت جناب مستطاب برادری مکرم آقای میرزا رسول سلمه الله عرض سلام و تحیات دارم. جناب مستطاب برادری آقای میرزا ابراهیم قاضی‌زاده مدظله العالی عرض سلام و تحیات دارم مدتی است که بنده را فراموش کرده است. افراد سائره خویشاوندانرا سلام و حرمت رسانم.

برادرت

**دکتر مصطفی شوقی قاضی‌زاده**

**۲۱ رجب *الفرد* ۱۳۴۲**

**جناب برادری مکرم مهربان سلمک الله**

بمناسبت ورود برادری مکرم میرزا حبیب الله - سلمه الله - باسلامبول و حسن ملاقات دوباره مجلوب یاد از وطن مبارک و همنشینان آنخاک عزیز گردیدم و میگویم: ایا منزلی سلمی سلامی علیکما هل الازمن الاتی خمصین رواجع و همانا بیاد آوری احباء دورکه باعث فرخندگی قلب مهجور هستند بدین دوکلمه بابلاغ سلام غریبانه پیوستم. تا که دوری مسافت و شدت تاثیر کابوس زمان ماضی که محبت دوستان را از دل محکوک میسازد، در حق مخلص دوراندیشی نگردید و اهالی وطن عزیز خواه بتعریفی و یا کنایه در حق من فکر و خیال بی‌وفایی را تصور نفرمایند و نگویند شوقی برای وطن فایده نداشت. این که تکلیف وجدانی خود را اقلا کتبا به عرض میرسانم و خواهشمندم که جنابعالی در ضمن قبول گلدسته سلام و احترام و مراتب اخلاص و تمنی استقامت وجود مبارک و دوستان آتیه را در محفل هموطنان محترم بسمع اشخاص ذوی‌العزم تبلیغ فرماید. مختصر تاریخچه خود را ایضاح دهم:

اکنون سیزده سال است که بحق در زاداندوزی معارف کوشیده وعلاوه بر شش زبان، دارلفنون طب را تمام‌کرده و بحق دیپلم دکتری از مدرسه طب ترکیا که بمقابل طب فرانسه است، گرفته‌ام. خواه حمل بر مبالغه

بفرمایند و یا خود بطور جدی تلقی کنید، اعتراف و تحدث بنعمت الهی میکنم که امروز در اسلامبول، که مقر عرفان و هزاران جوانان منور دارد، بنده موقعی و شهرتی برای خویش تامین کرده‌ام همچنانکه برادری آقا میرزا حبیب رای‌العین شاهد هستند، در اینصورت نه برای جلب منافع و عوامفریبی بلکه برای ادای ذمه شکران خویش نسبت به‌وطن و آفاق او که خاطرات شباب و روح جوانی مرا با اثیر معطر خویش پرورده ساخته است، میگویم. با وجود اینکه فرانسوی‌ها ضرب المثلی میگویند که هیچکس در مسقط الراس خویش پیغمبر نخواهد شد و بداهتا میدانم که جهل بعضی مسطبیهای ارامنه مقبول‌تر از حذاقت و سویه عرفان مکنیه من میباشد، در نظر هموطنان محترم ولی بسوق وجدان باز میگویم: ترا بخدا حیف نیست که در غربت اجانب از من استفاده نمایند و در صورتیکه وطن مریض و علیل و بیچاره مانده است، محض غرض و یا خود تجاهل از من احوالی نپرسند؟ آیا حیف نیست که معارف وطن در دست یکدو نفر تبریزی و یا طهرانی که نه ماذون دارلفنون و نه تحصیل عالی دیده‌اند بازیچه گردد و من اولاد وطن در غربت بکوشم تا بدیگران باده عرفان بنوشانم. آیا حیف نیست که در این عصر بیستم که اقوام افریک متمدن گردیده و شرف ملی پیدا کرده‌اند، وطن بیچاره ما بریان جهل باشد؟ بدرستی بفمید که برای ترقی وطن معارف تازه و علوم و تجارب نو لازم میباشد که از طرف ارباب

در نزدیکی تعقیب و تطبیق شده‌گی باشد، نه اینکه سفسطه شارلاتانها که در جای نبودن ارباب علم خود را افلاطون میشمارند. همین اشخاص هستند که در زیر لباس تازه به ما بدبختان سفسطه قدیم میفروشند بنام تجدد، وانگهی که هنوز موضوع تجدد را نفهمیده‌اند. خلاصه سخنهای زیادی هست ولی مجال نوشتن نه، اکنون بنده در اسلامبل مامور تفتیش حفظ‌الصحه عموم مکاتب شمالیه، تعین گردیده‌ام و خیلی خوش هم میگذرد، ولی غصه وطن دارم و میخواهم اقلا برای یادگار، چندی از جوانان وطن را تربیت دهم. اگر اهالی میخواهند، بنده در اینجا استعفا خواهم نمود و مراجعت میکنم ولی برای مصارف راهیه و تدارک لوازمات طبیه و ممتازه، متمولین مملکت صرف اینقدر نموده و در مقابل سه چهار هزار تومان قیمت املاک موروثه، اقلا هزار تومان برایم بفرستید و خواهشمندم که در این خصوص جنابعالی با آقای الحاج صالح دوا ساز مشاورت فرموده و وکالت مطلق را قبول فرمایند. خواه عمویم قاضی میرزا علی و یا خود آقایان دهبکری در این بابت تشبثی بکار برند، که باعث ممنونیت است و بآقای وثوق سلام مرا تبلیغ فرمایند و بفرمایند که بدین سبب مخلص معروض طعنه شما نیستم که کنایتا در مراسله برادری میرزا حبیب نوشته بودند. زیاده دوست و احبابان من الباب الی المحراب بخصوص میرزا محمد امین برادرت و الحاج صالح و سائره سلام و دعا خوانم.

والسلام

**دکتر مصطفی شوقی**

### تەرجەمەی شێعرێک لەکوردی بۆ تورکی، لە لایەن دوکتور شەوقییەوە

## حەسەبی حاڵ دەگەڵ وەتەن

خەملیوە لە سەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە
یا سووریی خوێنە کە بڵێی ڕەنگەکەی ئاڵە
پێش تابشی خورشیدی فەلەک وەقتی بەهاران
وەک چاوی لە فرمێسکی منە، قەترەیی ژاڵە
ئەی بادی سەبا! هەستە گوزەر کە بە وەتەندا
پەخشان کە لەسەر ئەرزی وەتەن، بۆنی گوڵاڵە
با بێت و بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک خونچە بپشکۆی، دەمی ئەو کوردە کەلاڵە
با بێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هیجر
بێژێ کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە
قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست
سەر ناسیەیی [1] پرشکەنی کرد بە قەباڵە

---

١ - ناصیە - نێو چاوان

چــــارەت نــیيه ئــەورۆکــە ئــەتۆ دەســـتە شکـاوی
بــەدمەستی‌یی مــەی بــوو کــە شکــا جــام و پــیاڵە

شـــــەوقی وەرە لەو غــووربەتە مــایل بــە وەتــەن بــە
بــێ خــاکــی وەتــەن، عــیزەتی تــۆ مــەحزی خــەیاڵە

بــەو کــاکــۆڵی رەش‌رەنگــە، کــە وا بــۆزی فــیراقــە
با، ڕام بێ لەبۆت فەزل و هونەر چونکە حەڵاڵە[1]

* * *

---

١ - ئەم غەزەلە لە رۆژنامەی **کوردستان**، ژمارەی ٥ ساڵی ١٩١٩دا چاپ بووە. فتوکۆپی ئەم شیعرەم لە لایەن بەرێز بۆزئەرسلانەوە بۆ هات.

ترجمه سی

# وطنلی حسبحال

١) کــنجارک مــزاولری اورزنــده حــاصل اولان
آلاق قــاندنمی، یــوقسه اوراده نشــو ونــما بــولان
کــل و لاله نک مــبذولیتندن حــصوله کــلیشدر
٢) کـــونشک تـــابش شـــعاعی قـــارشیسنده
شبنەم طامله لری انجق کوزیاشلرم قدر براق اوله بیلیر
٣) ســـن ای بـــاد صـــباقالق وطـــنمه گـــذراله
اوراده کـــالرک ئـــیلافلرک عـــطرینی هـــر طـــرفه نـــثار
ایت کــه، فســونکار نــنسکله شــمدی یــه قــدر لال
وفــاده مــرامــدن عــاجز قــالشن اولان کــوردستانی
کــورد طــویغوسی آرتــق بــر غــنچه کــی آجــیلسون
آرتــق هــجران کــیجه لریــنک احــیارینی، درد لریــنی
آکـــلانسون، بـــوندن مکـــره اویـــومق فــلته دابــمق
بـــــزم ایــــجون آنـــجق وبـــال حـــاضر لار
۴) اوەت فـــــلک قـــــهری رقـــیبک جـــوری

دوستک ستمی صاف جینکده ماتم طغراسی
دیرینه قائم اولمشدر
٥) ارواحی تمشیط، اذواقی تولید ایدەن
شرابک افراطی نصل که صوکنده حام و قدحلرک
قیر لمسنه بادی اولور ایسه طبیعتکده مرکوز
بولنان افراط، اوقدر نیکبینلک ایدیکه قولاریکی
باغلادی، قنادلریکی قیردی، بوقسه حدذاتنده
بر قباحتک موجود دکلدر
شوقی کال بوغرنتدن وطنه طوغرو
عزیمت ایت زیرا خاک پاک وطندن بشقه یرلرده
عزت آرامق بر خیالدر فراقک آجی دقیقه لریله
آغارن سیاه اوزون صاچلرکله محترم یاری فضل
و هنرله رام ایت که سنک ایچون بوله بز تسخیر حلالدر.

* * *

م.ش «نجم استقبال مطبعه سی – مدیر مسئول: محمد مهری»

# «پاشکۆ»

## *حاجی مستەفا پاشا یامولکی و سمایل خانی شوکاک (سمکۆ)*

حاجی مستەفا پاشا یەکێک بوو لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە تورکیا لەگەڵ تورکە کەمالییەکاندا، هەمیشە شیر و تیریان لێک دەسوو. چەند جارێک کەمالییەکان گرتوویانەو بەربووە، لە ئەنجامدا خۆی گەیاندۆتەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەوێوە لە دژیان بجوولێتەوە.

بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، چەند جارێک لە ئەستەمبول خۆی و چەند کوردێکی تر، هەوڵیان دا پەیوەندی بە ئەرمەنی و یونانییەکانەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەر سێ لایان بە یەک بگەن و لە نێو خۆیاندا ڕێک بکەون. بەڵگە نەهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە بەشێکی زۆری ئەو تەقەلایانە دواوە.

کاتێ حاجی مستەفا گەیشتە بەغدا، ئینگلیسیەکان ڕێگایان دا بگەڕێتەوە سلێمانێ و لەوێ نیشتەجێ بێت، بە مەرجێک بەبێ ئاگاداری وان لە شار نەچێتەدەر. بەڵام دیار بوو، وەک لە بەڵگە نەهێنییەکەشدا دانی پێدا دەنێت، خۆی پێنەگیراوە و بێ پرس و ڕای ئینگلیزەکان لە سلێمانییەوە چووە بۆ ناوچەی **شوکاک**، بۆ ئەوەی دەگەڵ سمایل خاندا گفتوگۆ بکا و بیهێنێتە سەر ئەو ڕایە کە جاری شەڕ دەگەڵ ئێرانییەکاندا نەکا و هێزەکانی لە دژی تورکە کەمالییەکان بخاتە کار، چونکە یامولکی ئەو ڕۆژانە ئێرانییەکانی

دوژمنێکی سەرەکی دانەناوە و لای وابوو بۆ دوا رۆژی کورد، شۆرش دژی کەمالییەکان پێویستتر بووە.

کاتێ مستەفا یامولکی دەگەڕێتەوە سلێمانێ، بە پۆستەدا نامەیەکی دوور و درێژ بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی رەوانەی بەغدا دەکات.

سانسۆری ئینگلیزەکان فتۆکۆپیی نامەکە دەکات و دواتریش مەندوویی سامی لە بەغداوە، تەرجەمەی ئینگلیزیی نامەکە بۆ **وینستون چرچیل**ی وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانیای ئەو رۆژگارە دەنێرێت.

حەزم دەکرد ئەو بەلگەنامەیە بکەم بە کوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی بەرێزی بکەم. ئەو نامەیە باس لە هەندێ رووداو هەلوێستی ئەو ناوچەیە دەکا، لە رۆژگاری دەسەلاتی **سمکو**دا. سەیر ئەوەیە، **سمکو** دوای ئەوەی تورکەکەمالییەکان هیچیان بۆ نەکردووە، وەک مستەفا یامولکی داوای لێکردبوو، هاتۆتە کوردستانی خواروو و بە هۆی بابەکری سەلیم ئاغای پشدەرییەوە - ئەوەی ئینگلیزەکان لە بەلگەنامە نەهێنییەکانیاندا بە کاپیتەن بابەکری نێو دەبەن - لەگەل کار بە دەستانی ئینگلیزیدا گفتوگۆی کردووە. بەلام **سمکو** بۆی دەرکەوتووە کە بریتانیاش یەکێکە لەو دەولەتە گزیکەرانەی کە خەلکیان هەربۆ نۆکەری خۆیان دەوێ، کە **سمکو**ش لەوانە نەبووە بەو نۆکەرییە رازی بێت.

* * *

C.O.730/19.5529 NO.27/34

# لە ئیرسی کوکسەوە بۆ وینستون چەرچیل

وا تەرجەمەی ئەو نامەیەی مستەفاپاشا یامولکیتان پێشکەش دەکەین،کە باسی چوونی خۆیەتی بۆ ورمێ. مستەفاپاشا ئەفسەرێکی تورک - دیارە مەبەست سوپای عوسمانییە - بووە و خەڵکی سلێمانییە. نیسانی ساڵی رابردوو، واتە ١٩١١، لە **قوستەنتەنیە** داوای لە مەندووبی سامی کردبوو، کە رێگەی بدرێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی.

لەسەر داخوازیی من، **مستەفا پاشا** ماوەیەک لە بەغدا مایەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا بێ ئیش بوو بێ تاقەت بوو، بۆیە حەزی کرد بگەڕێتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی کاروباری خۆی ساز بکا...لەبەر ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەک نەبوو رێگەی پێدرا کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە، بەڵام بە مەرجێک کە لە سلێمانی دەبێ لە ژێر چاوەدێری ئەفسەری سیاسی بەریتانیدا بێت. هەرچەند وا بڵاوکرایەوە کە بۆ ئەوە نێردراوەتەوە سلێمانی، تاببێ بە موتەسەرریف، بەڵام لە بەر ئەوە کە لە بنەماڵەیەکی زۆر ناسراو نییە، گەڕانەوەکەی سەرنجی کەسی رانەکێشا. ئاگاداری ئەفسەری سیاسی کرا کە ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکی بێت و بەبێ موافەقەت رێگەی پێنەدرێ لە سنووری ئێران بچێت بەو دیودا.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا، نامەیەکی مەندووبی سامی ئەستەمبوڵیشتان

پێشکەش دەکەین، کە دەر بارەی ئاکار و رەوشت و کاروباری **مستەفایامۆلکییە**. نامەکە چواری ئۆکتۆبر نووسراوە. گەشتەکەی **مستەفایامۆلکی** بۆ **ورمێ** نە بە پرس ورای من نە بەئی ئەفسەری سیاسی سلێمانیش بوو. بۆیە هەواڵم نارد کە لە کاتی گەڕانەوەیدا لە سەر سنوور بیگرن. من کاتی خۆی بەو شەرتە ڕێگام دابوو بچێتەوە سلێمانی کە بە جێی نەهێلێت. ئەمجارەش دووبارە داوای ئەوەی لێکرایەوە و پێی ڕاگەیاندرا کە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ئێمە نابێ هیچ جۆرە جموجۆڵێکی سیاسی هەبێت.

نامەکەی مستەفا یامۆلکی باسی گەشتەکەیەتی، (سانسور کۆپییەکی نامەکەی کردووە) و بە ئینگلیزی تەرجەمەکراوی بۆتان دەنێرین.

ئەو نامەیە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و سیاسی گرنگ وایە، کە زۆر شت دەربارەی **سمکو** و خۆلیا و توانا و دەسەڵاتی لە نێو کوردەکاندا روون دەکاتەوە. حەز دەکەم شتێک هەیە روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە مستەفاپاشا لەو گەشتەیدا هیچ خۆی وا پێشان نەداوە کە نێردراوی بریتانیایە و هیچ شتێکیشی باس نەکردووە کە بۆنی ئەوەی لێ بێ بە ناوی **بەریتانیا** و دژی **تورکیا** بەڵێنی یارمەتی دانی بە کورد دابێ. هەروەها نامەکەی هێندێ پڕوپاگەندەی دژ بە تورک لە ناو کورددا دەردەخا.

***پیرسی کۆکس***

**تەرجەمەی نامەکەی مستەفا یامولکی** سلێمانییە ١٩٢١/١٢/١٢

**بۆ کوڕی خۆشەویستم، عەبدولعەزیز بەگ!**

نامەکەی ٢٠ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٢١تم کە وەلامی نامەی ١٩٢١/٩/١٣مە، هەروەها نامەی ٥ی سێپتەمبەر و هی ٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٢١ ئەو نامەیەی کە بۆ **کوڕانی نەقیب**ە وەرگرت. دوای گەڕانەوەم لای **ئیسماعیل خانی سمکۆ**، دەمەوی هێندێ لەو شتانەی بە چاوی خۆم دیومن، بۆتان باس بکەم:

سەعات یانزەی ڕۆژی دوو شەممەی ٢١ی نووەمبەری ١٩٢١، سلێمانیم بەجێ هێشت و چوومە ناوچەی **مەنگوڕایەتی**. **بابەکری سەلیم ئاغا** و **عەباسی سەلیم ئاغای** برای، هەردووکیان زۆر زیرەک و شارەزان.ئیگلیزەکان زۆر ڕێزلە **بابەکر** ئاغا دەگرن و مووچەیەکی باشی دەدەنێ، قەڵەمڕەوی ئەمان زۆر هێمن و بەئاسایشە و پڕوپاگەندەی پارتی یەکێتی ئەناتۆلیا کاری تێنەکردووە. عەشیرەتەکەی زۆر بەهێزە، سەرۆکەکانیان لە نێو خۆیاندا خزم وتێکەڵی یەکن. عەشیرەتەکانی دراوسێیان: منگوڕ و مامەش وگەورک و دێبۆکری و بەگزادە ئاشتی خوازن.
- بەگزادە لە دەور و بەری **سەقز** دەژین.

عەشیرەتەکەی بابەکرئاغا، نێوانی دەگەڵ خەڵکی ناوچەی دەوروبەری شنۆو شوکاکدا ـکە لەلایەن **سمکو**وە کۆنترۆڵ کراوە - باشە. دەسەلاتی

سمکودەگاتە سەرووی رۆژئاوای ورمێ. هێزەکانی عەشیرەتی **نورەدین** ٢٥٠٠ سوارە و نزیکی ٤٠٠٠ پیادەش دەبێت. ئەوانە وەکوو خاوەن هەستێکی نیشتمانی، تێگەیشتوون کە سەربەستی و خۆشی کوردستانی خواروو و خۆشیی نەتەوەی کورد، بە سیاسەت و هەڵوێستی بەریتانیاوە، دەربارەی قبووڵ کردن یانەکردنی سیاسەتی وێرانکاریی پارتی پێشکەوتووی ئەناتۆلیای یەکگرتووە و لە هەموو ئەناتۆلیا و کوردستاندا بەستراوە. هەموو دانیشتوانی ناوچەی **پژدەر** و **سەردەشت** و ناوچەکانی تری سەر سنووری ئێران، لە ژێر سەرکردایەتی میراودەلییەکاندا بە ئاسایش دەژین. بەڵام هەندێ عەشایری بچووک، لە ناوچەی **رەواندز** بە هاندانی هەندێ لەو ئەفسەرە کۆنانەی تورک کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆشوێنەکەی خۆیان و خەریکی ئاژاوە نانەوەن چوونەتە پاڵ تاقمەکەی **ئەناتۆلیا**.

لەگەڵ ئەوەشداگەلێ پیاوی ژیر هەن و دەتوانن بزووتنەوەکە لەناو بەرن و ئاسایش بەرقەرار بکەن، بەڵام لەوە ناچێت کاربەدستانی ئینگلیز لەم رووەوە هیچ جۆرە چالاکییەک بنوێنن.

لەگەڵ ئاغای بایزی سەرۆکی Ojak kiak، کە لە مەنگوڕایەتی و مامەشە پیاوێکی ناسراوە، گفتوگۆم کرد و بیروراییم وەرگرتووە.

پەلاماری یونانییەکان و شەڕی ناوچەی ئەناتۆلیا، بە هۆی دڕندەیی و دست درێژی پارتی پێشکەوتووی ئەناتۆلیای یەکگرتۆوە رویداوە، کە لە شەڕی

جیهانی دا، کاری دڕندانەی زۆریان بەتایبەتیش لە دژی سوڵتان کردووە.

دیدەنی **کیان خدر خان عەزیزم** لە نزیکی Mirghian کردو ئومێدەواریی خۆمم بۆ دەربڕی، کە ناوچەکەیان وەکوو ئێستا بە ئارام و پڕ ئاسایش بێ و بزووتنەوەی ئەناتۆلیا کاریان تێ نەکات.

لە دوای مەنگوڕ، ٩ی ئۆکتۆبر چوومە ساباڵاغ چاوم بە کوچ و باری ئەوان کەوت، کە روویان کردبووە دەروپشتی عەشایەری دێبۆکری و موکری. بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە حکوومەتی ئێران، لە **میاندواو** را دەهات و عەشیرەتی شوکاکیش لە ورمێوە بۆ لای راستی شارەکە، لە حاڵێکی زۆر شڕ و پەرێشاندا بوون، هەرچەندە تێشم گەیاندن کە فێڵ و ساختەیە لێیان دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوە لە رابردوودا دەردیسەری و کێشمەکێشی زۆریان دیبوو، هیچ گۆییان نەدامێ و باریان دەکرد.

لەو کاتەدا نزیکەی ٣٠٠٠ زەلامی شاخاوی روویان کردە من. بۆم روون بوویەوە کە ئەمانە لە تاقمەکەی **هەمزەئاغای مامەش** و **شێخ عەبدوڵڵا ناسری** - نوێنەری سمایل خانی **سمکون** - لەگەڵ سەید تەهادا هاتبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ دێبۆکری و مەنگوڕدا وتووێژی پێکەوە هاوکاری، بکەن.

شەو لای شێخ عەبدوڵڵا مامەوە و زۆر شتم لەگەڵدا باس کرد. بە تەلەفۆن شەو هەواڵی گەیشتنی من، درابوو بە سەید تەها لە Berandez و بە **سمکو** لە **چارک**، کە بنکەی سەرکردایەتیی شوکاکی لێبوو. دوو رۆژ لەوێمامەوە،

خەڵکەکە باریان کردبوو بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆگوندەکانی خۆیان، دووکان و بازار کرابۆوە.

لە سابڵاغەوە چووە مە Berandez بۆلای سەید تەها و ڕۆژێکیش لەوێ مامەوە و لە تەکیا و بە یەکەوە چووینە لای **سمکو**. کە بە ورمێدا تێپەڕین، لە ڕێگا بە تەلەفۆن هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت، کە هێزی شوکاک لە نێوان **خۆی** و **تەورێزدا** بینراون. (دوای ئەوەی **سمکو** ورمێی گرت ئەو خەتی تەلەفۆنە دامەزرێندرا).

کاتێ گەیشتینە **چارک**، بیستم پیادە و تۆپ و هەندێ سوارەی **سمکو** ڕوویان کردۆتە **سەڵماس**. بۆ بەیانییەکەی **سمکو**مان دی و گفتوگۆیەکی دوور و درێژم لەگەڵدا کرد و دواییش ئەم پرسیارانەی خوارەوەم لێکرد:

پرسیاری یەکەم:

- لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا لە دژی حکوومەتی ئێران جووڵاوێتەوە و دەجووڵێیتەوە، مەبەست لەم بزووتنەوە چییە و بەتەمای چ جۆرە دەسکەوتێکت دەسگیر ببێت؟

وەڵام:

- فارسەکان ڕقییان لە کوردە، لەبەر ئەوە من بە هەموو توانای خۆمەوە، هەوڵ دەدەم کوردەکان ڕێک بخەم، بۆ ئەوەی لە دەست درێژی فارس ڕزگاریان بێت. هەر بۆیە پار شاری ورمیەم گرت، دەگەڵ ئەو ناوچەیەی لە

رابردوووداکوردی بووە. دواتریش شاری **سەڵماس** و ئەمساڵیش فارسەکانم لە **سابلاغ** دەرپەڕاند.

پرسیاری دووەم:

- باشە تۆ هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کورد رزگار و ئازاد بکەیت و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەیت، ئەی بۆچی پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزروم و بەتلیس و حەکاری و خەرپووت رزگار ناکەیت و ئەم خەڵکە رێک ناخەی کە ماوەیەکە لە ژێر جەور و ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەماڵدان؟ بۆچی ئالای تایبەتی خۆت هەڵ ناکەی؟ تا دەربکەوێ مەبەستت لەم جووڵانەوەیە خوێن رشتن نییە، بەڵکوو مەبەستت سەربەخۆییە بە ئاشتی و خۆشی. بۆچی هەوڵی رێککەوتن لەگەڵ فارسەکان نادەی؟

وەڵام:

- من وای بە باش دەزانم کە لە ئێرانەوە دەست پێبکەم. من هیچ بە چاکی نازانم کە لەم رۆژەدا، لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم. چونکە ئەوان بە تفنگ و فیشەک یارمەتیم دەدەن. من هیچ بە پێویستی نازانم بۆ بێگانە بەیان و بڵاوکراوە، بڵاو بکەمەوە، چونکە ئەوان زۆر باش شارەزای ئەوەن، کە ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی خێڵایەتی دەژین. جگە لەوەش بیستوومە ئەوروپاییەکان لە ناو خۆیاندا لە کێشەو مشتومڕ دان. بۆیە ئێمە پێویستە تێکۆشێن و پشتیش بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان ببەستین و نەهێڵین

فارسەکان بگەڕێنەوە ورمێ و سابلاغ. ئێمە بە هیچ جۆرێک کوڵ نادەین و تا تاقە شوکاکیک مابێ، لەم رووەوە بەرهەڵستی دەکەین.

پرسیاری سێیەم:

- هۆی کوشتنی ئەو ٨٠٠ دیلە فارسەی کە لە سێپتەمبەریساڵی رابردوودا گیرابوون، چی بوو؟

وەڵام:

- ئەوانە وەختی خۆی لە شەڕی ورمێدا گیرابوون، ئێمە هیچ خراپەیەکمان دەگەڵ نەکردن، بەڵکو جل و پارەمان دانێ و بەو مەرجەی نەچنەوە پاڵ ئێران، بەرڵلاّمان کردن. بەلاّم هەرکەبەربوون، چوونەوە پاڵ ئێران و دەستیان کردەوە بە دەست درێژی و کوشتن و بڕین. بۆیە ئەمجارە لێیان خۆش نەبووین و تۆڵەمان لێکردنەوە.

پرسیاری چوارەم:

- هۆی تێکچوون و شەڕکردنت لەگەڵ ئاسوورییەکاندا چیبوو؟ تکایە پێم بڵێ، کە **مارشەمعون** ئاشتیی ویست و دۆستی کورد بوو لە بەر چی کوژرا؟

وەڵام:

- بێگومان ئاگاداری ئەوەی، کە تورک و رووس لە شەڕی جیهانیدا چییان بە کورد کرد؟ حەز دەکەم هۆی کوشتنی «مارشە معونت» بۆ روون بکەمەوە: لەو هەرایەی لە باکووری کوردستاندا، لە نێوان تورک و ئەرمەنیداروویدا،

**ئاسوورییەکان** چوونە پاڵ ئەرمەنییەکان و یارمەتییان دان. دوای شۆرشی رووسیا، رووسەکان هێزەکانیان لە سابلاغ و ورمێ کێشایەوە و ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانە، تۆپ و رەشاش و تفنگیان بە جێهێشت و هەمووی بۆ ئاسوورییەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی رووس و ئاسوورییەکان و هەندێ کاربەدەستی ئەوروپایی، دەیانزانی ئێران بە هۆی لاوازی و کزیی دەسەڵات و کەمدرامەتییەوە ناتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە ئاسوورییە چەکدارەکان، ویستیان ئەم دەرفەتە لە کیس نەدەن و ئازەربایجان کە ناوچەیەکی گرنگی نێوانی ئەرمەن و کورد و فارسە، بگرن،...مستەفاپاشا درێژە بە نامەکەی دەدا و دەڵێ: دوای ئەوەی ئاسوورییەکان بە سەر فارسەکاندا سەرکەوتن و بانگەوازی سەربەخۆییاندا، هاتنە لام و داوای هاریکاریان لێکردم، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە. منیش بەڵێنی یارمەتیم دانی...بەلام ئێرانییەکان بەوەیان زانی، کە ئاسوورییەکان لە منیان داوای یارمەتی کردوە...نوێنەرێکی ئێران هات و داوای لێکردم کە پشتی ئاسوورییەکان نەگرم و بەرامبەر بە مە بەڵێنی پاداشت و چاکەدانەوەیان دامی. لەبەر ئەوەش دەمزانی ئاسوورییەکان نیازیان وایە، باکووری کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆیە **مارشەمعون**م کوشت. ئێرانییەکانیش لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە. بۆیە منیش پەلامارم دان و ورمێم گرت و کاربەدەستانی خۆمم لێ دامەزراند.

پرسیاری پێنجەم:

- ئایا هیچ ئاسووریەک لە جووڵە مێرگ ماوە؟ من چەند هەزارێکیانم لە بەغدا دیوە...

وەڵام:

- لە مستەفاکەماڵەوە، لە ئەنگۆرەی ناوچەی **وان** را تەلگرافێکم بۆ هاتووە، با میرزا -کاتب- بۆت بخوێنێتەوە:

«یۆنانییەکان بە سەرۆکایەتی پاشاکەیان و بە یارمەتی و پارەیەکی زۆر و پشتگیریکردنی حکوومەتی بەریتانیا،بانگی شەڕیان لە دژ داین. ئەوە ئێستا داوای ئاشتی دەکەن و دەیانەوی ئەوروپاییەکان بکەونە بەینەوە. لە هەموو سەرکەوتنەکانمان ئاگادارت دەکەین. هەروەها ئاسوورییەکان لە ناوچەی کوردستاندا لە لایەن بەریتانیەکانەوە هان دراون کە لە ڕێی زاخۆ و جزیرەوە بگەڕێنەوە، منیش هەرچی پێویست بێ رامسپاردووە دژیان بکرێت. تکایە، ئێوەش چییتان پێدەکرێ لەم ڕووەوە بیکەن! بۆ ئەوەی ئاسوورییەکان لە ئێران و رووسیاوە نەگەڕێنەوە بۆ ئێرە.»

**سمکو** وتی: ئەوە شتێکی تازە بوو بیستم، کە ئاسوورییەکان دوژمنی ئێمەن، بۆیە ڕێگەیان نادەم بگەڕێنەوە ناوچەی هەکاری و تورکەکان لەمەودا پشتگیریم دەکەن.

پرسیاری شەشەم:

- ئایا هیچ ڕێکخراوەیەکی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە؟ بۆ نموونە ئایا هیچ بەیداغێکی تایبەتی هەیە؟ ئەتۆ چۆن حوکمی ئەو شوێنانە دەکەی، کە دەیانخەیتە ژێر دەسەلاتی خۆتەوە؟

وەلام:

- ئێستە هیچ ڕێکخراوەیەک نییە، من هەر خۆمم لە کوردستاندا. جارێ چاوەڕوان‌بە با ئەم وڵاتە رزگار ببێ، ئەوسا بزانە چۆن حوکمەتێک دێتە کایەوە؟ گرینگ نییە کێ دەبێتە فەرمانڕەوا و کاربەدەست، من خۆم هیچ چاوم نەبڕیوەتە ئەوە. دەربارەی ئالا و شتی‌تر، بڕوا ناکەم ئێستە زۆر شتێکی گرنگ بێت، بەلام شوکاکییەکان وەکی ئێستە ئەبینیت، بۆ هەر ناوچەیە ئالایەکیان هەیە.

پرسیاری حەوتەم:

-کە واتە ئێوە دەڵێن بە تەواوی بۆ نیشتمان هەوڵ دەدەن، وانییە؟ بەلام ئەی بۆ چی کە سابلاغتان گرت، دووکانەکانیان تالان کران و هەندێکیش کوژران؟ لە نێو ئەوانەدا، قازی لەتیف، کە پیاوێکی ناسراو و ڕێزلێگیراو بوو؟ سابلاغ، دێبۆکریی بە هێز و بلباس و مەنگوڕ و مامەش و عەشیرەتی پیران دەگرێتەوە و ناوچەیەکی گشتی گەورەیە و پەیوەندی دانیشتوانی دەگەڵ عەشیرەتەکاندا دۆستانە بووە. ئایا ئەوجۆرە ڕووداوانە ئێران دڵخۆش ناکات و بۆ سوودی ئەوان نییە؟ وەکی بیستم، ماڵی حاجی ئیلخانیی سەرۆکی ناسراوی

دێبۆکری تالان کراوە، لە بەر وەی هیچ دوور نییە کە بەشێک مەنگوڕ و بەگزادەی گەورک و ناوچەی سەقز دژی تۆ یەک بگرن...

وەڵام

- وەختێک روومان کردە ساباڵاغ، ناردمان بە شوێن هەمووسەرکردەکاندا، بەڵام نەهاتن. هیچ نوێنەرێکی سەقز یا نێردراوێکی نەهات و ئێرانییەکانیش لە ناو شاردا شەڕیان دەکرد. شەڕەکە دوور و درێژەی کێشا، ئەوە بوو لە ئەنجامدا شار گیرا و هەندێ کەس کوژران، شوکاکیشیان تێدا بوو. لەو شەڕەدا، دانیشتوانی شار و عەشایەر تێکەڵ بوون تێکڕژان و رەشاش و تۆپیشی تێدا بە کار هێنرا...لە حاڵەتێکی وادا ناتوانرێت رێگا لە تالان و بڕو بگیرێت، ئەگەر چی من خۆم زۆر دژی ئەوەبووم.

ئێمە گومانمان لە عەشیرەتی مەنگوڕی و دیبۆکری هەبوو، بەڵام گوێشمان نەدایە. حاجی ئیلخانی بەوەشەوە نەوەستا کە هەر ببێتە لایەنگری ئێرانییەکان، بەڵکوو بە ناوی کوردەوە داوای لە خەڵک دەکرد، کە بچنە پاڵی و شەڕمان دەگەڵ بکەن. عەشیرەتی مامەش زۆر دڵسۆزی ئێمەن، کوڕی خواڵێخۆش بوو مەحموود ئاغای هەمزە ئاغامان کردە حاکمی ساباڵاغ و کەریم ئاغای برای بە موفەتیشی ناوچەی **حەمە جان** و ناوچەی Banalis و گەورکی دراوسێی، دوای گرتنی ساباڵاغ توانییان فارسەکان لە سەقز دەرکەن. بەڵام لە سەر داوای خەڵکی سەقز، دەوڵەت ٣٠٠ - ٤٠٠

**جەندرمەی** خۆی لە سنەوە نارد و باناڵیسیان گرتەوە و چوار پێنج کەسی سەر بە **سمکۆ** لە وێ راویان کرد...

پرسیاری هەشت:

- وادیارە بڕیاری هێرش بردنە سەر ئێرانتان، بۆ تۆڵە سەندنەوەیە. چونکە برای خۆشەویست و باپیر و گەلێک خزم و کەس و کارتان لە لایەن ئێرانییەکانەوە کوژران. دوو ساڵ لەمەوبەریش بۆمبایەکیان نارد بۆ خۆت و براکەتی پێ کوژرا. دەڵێن ئەم بزوتنەوەیەت دوای ئەم کوشتارە دەستی پێکردوە. ئایا وایە؟

وەڵام:

- زۆر باش تێدەگەم کە شارەزای تەواوی ئەم رووداوانەیت و دەزانی هەمووی دژی کورد بوون. دەزانی چۆن باوباپیرم، **عەلی خان** و زۆر کەسی تر بە دەستی ئێران کوژران. من هەرچەندە ئێستە بۆ میللەتی کورد تێدەکۆشم، بەڵام تۆڵەی خۆشم لە ئێران دەکەمەوە.

ئەمجا مستەفاپاشا لە نامەکەیدا دەڵێ: ئەمانەی پێشولەرۆژی ١٩٢١/١٠/١٩دا لە نێوان من وسمایل ئاغادا پرسیار و وەرام بوون. رۆژی دوایی ١٩٢١/١٠/٢٠ من و**سمکو** و سەید تەها دووبارە لە رۆژێکی تایبەتی داکۆ بووینەوە و ئەم گفتوگۆیە کرا:

جەنابی سمایل ئاغا ئەمڕۆ وەکوو رۆژگاری شێخ عوبەیدوڵا نییە، ئەمڕۆ

رووداوەکانی ناوکوردستانی جێی سەرنجی هەموو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە و لێیان ئاگادارن. تەنانەت ئەمەریکای یەکگرتووش ئاگادارە، حکوومەتێکی گەورەی وەکوو بەریتانیا، حوکمی سلێمانی و ناوچەکە دەکات و ئاگای لە هەموو بزوتنەوەیەکی کوردە. ئەگەر هەر شتێک ئەو لێی رازی نەبێ و دەگەڵ سیاسەتیدا نەگونجێت، ئەوا لە روی سیاسی و عەسکەرییەوە لە دژی دەوەستێ...راستە ئێوە کاروبارتان دەگەڵ تورکە نەتەوییەکانی ئەناتولیا رێکخستووە، بەڵام ئەگەر ئەوان لە بزووتنەوەکەیاندا سەرنەکەوتن، ئەوائێوەش تێدا دەچن وکەس بە هاوارتانەوە نایەت.

خۆت دەزانی بزووتنەوەیەکی وەکوو ئەوەی تۆ، بەبێ پشتگیری و یارمەتیی دەوڵەتێکی ئەوروپایی، بە تایبەتیش ئیمڕۆکە بەریتانیا بووە بە دراوسێمان، بەبێ ئەوان بە هیچ مەبەست و ئامانجێک ناگەین. جەلالەتی سوڵتان، بزووتنەوەکەی ئەمڕۆی ئەناتولیا، بە یاخیگەری و سەرپێچی دادەنێ، هەر لەبەر ئەوەش یونانییەکان بەرەو ئەنگۆرە هاتوون و ئامادەن کە عەمەلیاتێکی تریشیان لە دژ بکەن. لە ئەناتۆلیاش زۆر کەس پێشوازیان لە هاتنی یونانییەکان کردووە و داوایان لێکردوون ناوچەکە داگیر بکەن، چونکە زۆر رقیان لە تورکە نەتەوییەکە...ئەو تورکە نەتەوییانە، دوژمنی کوردن ئەوەت لە بیرنەچێ، کە ئەوانە لە ساڵی ١٩٠٨ەوە تا ئێستە چەند زیانیان لە کورد داوە. هەرچۆنێک بێ یونانییەکان لە تورکەکان بۆ ئێمە باشترن، چونکە

هیچ نەبێ شارستانی و پێشکەوتنخوازن و تورکەکان زۆر دواکەوتو و نەزانن. باشتر وایە دەگەڵ یونانییەکاندا پەیوەندی پەیدا بکەیت و لەم بارەشەوە ئینگلیزەکان ئاگادار بکەی. بۆ ئەوەی کێشەی خۆت دەگەڵ ئێرانییەکاندا چارەسەر بکەی، پەیوەندییان پێوە بکەو سوود لە هەل و دەرفەت وەربگرە. هەوڵ بدە دەگەڵ ئەو شوێنانەدا رێک بکەوی، کە بریتانی و ئەوروپایی تێدا نییە، وابزانم ئەگەر ئەو رێگە بدەیتەبەر ئەروپاییەکان گوێ لە داواکانت بگرن...

**سمکۆ** لەوەڵامدا وتی:

منیش زۆر رقم لە تورکە نەتەوییەکانە، بۆکوردیش ئەوان لە فارسەکان بە دوژمنتر دەزانم. من چەند جارێک نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردووە و ئاگادارم کردوون، کە من نامەوی دژی سیاسەتی ئەوان بم و ئێمە هەمیشە پێویستیمان بە یارمەتی بەریتانیا هەیە. با ئەوان لایەنگری کورد بکەن، منیش ئامادەم بە پێی ئارەزووی ئەوان بجوولێمەوە. ئێمە پێویستیمان بە یارمەتی چەک و فیشەک هەیە و ئەگەر لەم رووەوە فریامان نەکەوتن توشی کێشەو سەریەشە دەبم. سەید تەهام نارد بۆ بەغدا، بەڵام هیچ سوود و ئەنجامێکی نەبوو. ئەوا من سەیدتەها و ئێوە دەکەین بە وەکیل، ئەگەر حکوومەتی **بەریتانیا** خۆی، یا خۆی بە هۆی دوستە دڵسۆزەکانی پژدەریەوە، یارمەتی چەک و جبەخانەمان بدات، بەبێ ئەوەی بمانخاتە ژێر رەحمی

ئەفسەرەکانییەوە، ئەوە دەتوانین **وان** و **ئەزەروم** و **سیواس** و **هەکاری** لە تورک پاک بکەینەوە و ئەوسا دەتوانین دەرسێکی گەورە و چاکیش بە ئەوانەی **رواندۆز** و شوێنەکانی تریش بدەین. ئەمە پێشنیاری ئێمەیە و دەتوانین دڵنیات بکەین کە ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا راستین. ئێمە دەتوانین **ئەنگۆرەش** بگرین و ئەگەر ئینگلیزەکان بێدەنگ بن، لە ماوەیەکی کەمدا شاری **سنەش** دەگرین.

ئەو شەوە، سوارە و پیادە و تۆپ ئامادەکران، کە بچن بۆ سەلماس. منیش گەڕامەوە بۆ **ورمی**یە و لەوێوە بۆ **سابلاغ**.

لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێراندا، سەرۆکی عەشیرەتی قەرەداغ هەیە، **ئەمیر ئەرشەد**»ی ناوە. نزیکەی ٦ - ٧ هەزار سوارەی ئازا و ٤٠ - ٥٠ تۆپ و رەشاشی هەیە. **سمکو** لای وایە، دەوڵەتی ئێران پارەیەکی باشی بە ئەرشەد داوە.ئێستە لە ناوچەکەیدا پێی دەڵێن **شەریف خان**، بەسەر باکووری گۆمی ورمێدا دەڕوانێت و هێزەکانی بەرەو **تەبریز** و **خوی** دەرۆن و پێشەنگی هەندێکان گەیشتۆتە سنووری **سەلماس**، بە نیازی ئەوەی دەست پێشکەری لە **سمایل خانی شوکاک** بکات. **ئەرشەد** سوارەی خۆی ناردووە بۆ **شکوپاکی** لە نێوان **خۆی** و **سەلماس**دا... کاتێک خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ رویشتن بوو، سمایل ئاغاش خۆی تەیار دەکرد کە بەرەورووی ئەو هێزانە بڕوا و بەرەنگاریان ببێتەوە. بە پێی هەواڵێکی تەلەفونی، سمایل خان هێزی پیادەی

ناردۆتەگرد و بەرزاییەکانی بەرامبەر **خۆی** و ئەو پیاوانەیتری لەگەڵ هێزی تۆپدا بەرەو پێشەوە رۆیشتوون. هێزەکانی **سمکو**، بەری لەو هێزی سوارەی ئەرشەد دەبڕییەوە کە لە **شەریف خان** و **تاسووج**وە بەرەو پێشەوە دەهاتن. ئەرشەد هێزەکانی خۆی گەڕاندەوە و هەرچەندە لە هەردوولا کوشتار بوو بەلاّم شەڕەکە گەرم نەبوو. **سمکو** دوایان نەکەوتوو وازی لێهێنان. لە گەڕانەوەیدا Seyis و **تاجەدین** و دووگوندیتری سووتاند و ئەو چەند کەسە کەمەی هێزەکانی ئەرشەد و خەڵکی ئەو دێهاتانەی، وەکوو دیل دەگەڵ خۆیدا برد بۆ **سەڵماس**.

مستەفا پاشا لە نامەکەیدا دوایی، دێتە سەر باسی ورمێ و باری پێشکەوتن و شارستانییەتی...هەروەها باسی ئەو وێرانکارییە دەکات کە تورکەکان لە شەڕی دژ بە ئەرمەن و ئاسوورییەکاندا، لەو ناوەداکردوویانە و لەکەساسی و ماڵوێرانی خەڵکی هەژاری ئەو ناوچەیە و شەڕی بەردەوام بووی نێوان کورد و فارس دەدوێ.(١)

**مستەفاپاشا دەڵێ:**

لە ٢٦ی نووەمبەری ١٩٢١ ورمییەم بە جێهێشت و چووم بۆ ساباڵغ، لە بەر ئەوەی خەتی تەلەفۆنی ئەو ناوچەیە پچڕێندرابوو، هیچ هەواڵ و دەنگ و باسێکی ئەو شەڕەم دەستگیر نەبوو کە ٢٦و٢٧ **نووەمبەر**دا لە نێوانی **سمکو** و

---

١ - لە بەڵگەنامە نەهێنییەکەدا، هەر ئەوانەم لە نامەکەی **یامولکی**یەوە وەرگرتووە.

ئەرشەد داکرا.

لە سەر داخوازی هەندێ لە سەرۆکەکان رووماں کردە **دیار بەکر**، کە یەکێکە لەگوندەکانی **عەبدوڵا** ئاغا و لەگەڵ **عەلی** ئاغای سەرۆکی عەشیرەی **ئیلخانی** و **کاوەیسی‌کەریم** ئاغای و چەند کەسێکی تردا وتووێژ کرا. **مارف**ئاغای برای **کاوەیس** ئاغا گەیشت و باسی هەڵوێست و باری ناوچەکەی بۆ کردین.

لەبەر ئەوەی **شوکاک** دەست درێژی کردبووە سەر ساباڵاغ و سووتاندبووی. گفتوگۆ و گلەیی و بێزارییان بەرامبەر **سمکۆ**، تا نیوەشەو درێژەی کێشا. ژمارەیەکی زۆر لە **عەشایەر**ەکانی ساباڵاغ، دژی رەفتاری **سمکۆ** و **ئیران** بۆون. لە کاتی دەمەتەقەیدا هەواڵ گەیشت کە لە نێوان ٣٠٠٠ سوارەی **سمکۆ** و ٥-٤ هەزاری **ئەرشەددا** شەڕێکی رووبەروو و دەستەویەخەوە بووە و ٣٠٠ کەس لە تاقمەکەی **سمکو** کوژراون و بریندار بوون و لە هێزی **ئەرشەد**یش ژمارەیەکی زۆرتر. لەکاتی گەڕانەوەی **ئەرشەددا** بۆ **تەورێز**، **شوکاک**ەکان تۆپێکیان گرتووە و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بەدیل گرتوون. هەواڵی ئەو شەڕە هەر بەو شەوە، گەیشتە لای شێخ **عەبدوڵا**. لەو هەواڵانەی لە کاتی گەڕانەوەم دا بیستم، ئەوەبوو کە بالیسەکان دووبارە **سەقز**یان گرتۆتەوە و چاوەڕوانی نوێنەری **سمکۆ**ن پەیوەندیان لەگەڵدا بکات.

کوڕی خۆم! بە تەمام یەکسەر بە هۆی دەسەلاتدارانی **بەغداوە**، ئەو بەڵێن

و پەیمانانەی **سمکو** و سەید تەها بگەیەنم، بەلام هەندێ ئەنانیەتی تێدایە...سلاو و ڕێزم بگەیەنە بە فەهمی **ئەفەندی،** زۆر خەفەتبارم کە ناتوانم هەموو شتی بنووسم.

دەربارەی **ئەنگوڕە، سمکۆ** بڕوای بە **ئاسۆوری** و **ئەرمەنیەکان** نییە، چونکە لە کاتی خۆی بومبایەکیان بە ناوی دیارییەوە لە ناو سندووقێکی شیرینی دا بۆناردووە. لە کاتی کردنەوەدا برایەکی **سمکۆ** و چەند کەسێکی تر پێی کوژران. حکوومەتی ئێران خەبەری بۆ **سمکۆ** ناردبوو کە ئەرمەنییەکانی **ریغان،** ئەو بومبایەیان بۆ ناردووە. بۆیە قەت ناشێ **سمکو** لەگەڵ **ئەرمەنییەکاندا** ڕێک بکەوێ.

لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێ:

- لەم گەڕانەم دا نزیکەی ٢٠٠ لیرەم خەرج کردوو تورکە نەتەوییەکان ئەم گەشتەی منیان زۆر پێ ناخۆش بووە و ١٠٠٠ لیرەیان تەرخان کردبوو بۆئەوکەسەی کە بمگرێ یان بمکوژێت.

ئەوەی زۆر دڵگرانی دەکردم، ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر ناشارەزای دنیان، دەبێ هەموو شتێکیان دووسێ جار بۆبڵێیتەوە ئەوسا لێت تێ دەگەن و ئەگەر خۆیان شتێکیان مەبەست نەبێت، قەت ناچێ بە مێشکیاندا! بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە تواناد ا نییە کە یارمەتی بدرێ، کێ ببێتە حاکم کوردستان!!

## کورتەیەکی ژیانی مستەفاپاشا لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی[١] بریتانیدا

**مستەفا پاشای** کورد لە کوردستان لە دایک بووە. نزیکەی ٥٧ ساڵە لە سوپادایە. لە **حیجاز** کاری کردووە، دواتر کۆنسوولی تورک بووە و لە ئێران و ئەرمەنیا کاری کردووە. ساڵی ١٩٠٠ لە ستافی گەشتیدا هەتا ساڵی ١٩١٤ سوپاسالاری لەشکری ٢٧ بووە تا خانەنشین کراوە. لە **نووەمبەری ١٩١٨**)وە تا ١٩١٩ لە کۆمەڵەی **تەعالی کورد**، کە یانەیەکی کوردان بووە لە **ئەستەمبول**، چالاکی نواندووە.مستەفاپاشا دوای پەیمانی ڕێکەوتن، گەڕایەوە سوپا و کرا بە ئەندامی ئەو دادگا سوپاییەی، کە ئەرکی لێپرسینەوەی ئەو تاوانبارانەی پێسپێردرابوو، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، بەرپرسی ئاوارەکردن و کوشتاری خەڵک بوون و باری ئابووریان بۆمەبەستی شەخسی خۆیان، بەکار هێنابوو.

---

١ - ژ ٦ - ٢.٥.٦٣٥ ئەستەمبوڵ، ساڵی ١٩٢١ (C.R.A.F.774)

سەرنجێکی وەرگێر:

بە رای من، ***مستەفا پاشا*** لەبەر ئەوەی زور رقی لە **تورکە** قەومیێەکان بووە و لە سیاسەت و هەڵویستیان دەربارەی کورد بێزار و نائومید بووە، پێی وابووە رەنگە **کورد** بە هۆی **ئینگلیز**ەوە بتوانێت مافە نەتەوەییەکانی خۆی زامن بکات. بەلام وەک مێژوو سەلماندی لەم رووەوە بە هەڵە داچوبوو... رقەکەی ***مستەفا پاشا*** لەو **تورکە** قەومییانە ئەوەندە گەورە بووە کە لە دادگا فەرمانی لە سێدارە دانی مستەفا کەمال ***ئەتاتورک***ی دابوو و تورکە قەومییەکان هەر لەبەر ئەمە ناویان نابوو: ***مستەفا نەمردوو.***

سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ کراوە بە ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە بەسەرپەرەشتی وەزیری دارایی، بۆ فرۆشتنی عەمبارە جەنگیەکان، پێکهاتبوو.

لە کۆتایی ئەم ساڵەدا کراوە بە والیی برووسە، بەڵام کە **عەلی رەزاپاشا** هاتۆتە سەرکار، **مستەفا پاشا** لابراوە و لە نۆوەمبەری ساڵی ١٩١٩دا گیراوە و زۆری پێ نەچووە بەربووە.

ساڵی ١٩٢٠/١/١٢ دراوەتەوە بە دادگا، بەڵام کە **دامادفەرید پاشا** دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئازاد کراوە و هاتۆتەوە سەرکار. کاتێ **تەوفیق پاشا** بۆتە فەرمانڕەوا، دیسانەوە مستەفا پاشا لابراوە و لە نووەمبەری ١٩٢٠ بە تۆمەتی ئەوەی کە لە کاتی درانە دادگا سەرپێچی کردووە گیراوە. سوڵتان هەوڵێکی زۆری بەردانی داوە و ١٩٢١/١/٦ فەرمانی تاوانبارکردنەکەی گۆڕاوە، بەڵام دەوڵەت بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا تاوانی زۆری لە ئەستۆدا ماوە، رازی نەبووە بۆ **بێرووت** دوور بخرێتەوە.

دوایی کەوتۆتە کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆوڵاتی خۆی، کاتێ بەربووە پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنییە ناسیونالیستەکاندا هەبووە. ئەرمەنییەکان خەریکی ئەوە بوون لە نێوان ئەرمەن و کورد و یونانییەکاندا، دژی تورک بەرەیەک ساز بکەن. ئاشکرایە بەر لە **ئەستەمبول** بەجێ هێشتن، یامولکی پەیوەندی دەگەڵ یونانییەکاندا هەبووە.

مستەفا پاشا لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٢١دا گەیشتۆتە **دیمەشق** و لە وێوە، لە ڕێگای **موسڵەوە** گەڕاوەتەوە بۆسلێمانی و دەڵێن بڕیاری داوە لە دژی تورکەکان تێبکۆشێ. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە کە لە **٢٩ی** سیپتەمبەردا گەیشتۆتە بەغدا و پێش ئەوەی **ئەمیر فەیسەڵ** ببێ بە مەلیکی عێراق، چەند جارێک وتووێژی لە تەکدا کردووە. هیچ شتێک لە بارەی ئەم گفتوگۆیە نەزانراوە.

هەرچەندە لای خەڵک وا باو بووە کە **مستەفا پاشا** نێردراوی سوڵتانە بۆ ناوچە، چونکە سوڵتانیش دژی تورکانی لاو وکەماڵییەکان بووە، بەڵام هەرکە تورکە قەومییەکان بیستوویانە **مستەفا پاشا**، فەیسەڵی دیوە، ئیتر کەوتوونە پڕوپاگەندەی ئەوە کە بۆتە پیاوی ئینگلیزەکان.

* * *

# کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ـ لەندەن

## ١٩ ـ ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٩

یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە ڕۆژانی ١٩ - ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٩ دا لە لەندەنی پێتەختی ئینگلیستان ڕێکخرا. لە کۆنگرەکە دا سەرەڕای بەشدار بوونی کورد، چەند میوانی بێگانەش ئامادە بوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆر سڵاونامە و برووسکە و پەیام لە هەموو لایەکەوە بۆ کۆنگرە نێردرابوو بۆ دەربڕینی پشتگری. کۆنگرە لە کۆتایی کارەکانی دا، ئەنجومەنی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی هەڵبژارد.

* * *

بۆ بەدەست هێنان و ساغ کردنەوەی بەسەرهات و شوێنەوارەکانی دوکتور **مستەفا شەوقی** قازی، زۆر کەس لە کوردستانی ئێران، تورکیە، ئیستامبوڵ و ئەرووپا یارمەتیان دام. سپاسی هەموو لایەک دەکەم بە تایبەتی:

١ - پرفسور **محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان**

٢ - کاک **مالمیسانژ** و **مەحموود لەوەندی**

٣ - دوکتور **فەرهاد پیربال شاکەلی**

٤ - **روهات ئایدین** و خوشکێکی رۆژنامەوان لە ئیستامبوڵ

٥ - سەعید **خانی هومایوون** و حاجی **محەممەد خەلیلی مووەفەقی**

٦ - خودا لێ خۆش بوان، **خەجیجەی مەجدی** «حەیدەری»، میرزا **خەلیلی فەتاحی قازی** و سەدیقی **حەیدەری**.

٧ - کاک **حەسەن کایا** سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە ئیستامبوڵ و خوشکە ئا.بۆز کورد

٨ - کاک **عەبدوڵا زەنگەنە** لە هەولێر، کە لە خۆم زیاتر دەپەروشی چاپ کردنی ئەم کتێبە لەم لایە بوو.

٩ - کاک **ئەحمەدی قازی** و **قادری فەتاحی قازی** و کاک **عەلی ئیسماعیل‌زادە**.

١٠ - دوو خوشکی هێژام **مریەمی قازی** و **گزینگی قازی** کە ئەرکی چاپ کردنی ئەم کتێبەیان وەئەستۆ گرت. لەوانە بوو ئەگەر ئەوان چاپی نەکەن، نەکاریبام چاپی بکەم.

**ئەحمەدی شەریفی**

***ئاخری پاییزی ١٣٨١***

* * *

ئەی بادی سەبا هەستە گوزەرکە بە وەتەن‌دا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە
بابێت و بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک غونچە بپشکۆی دەمی ئەو کوردە کە لاڵە
چارت نییە ئەورۆ کە ئەتۆ دەستە شکاوی
بەد مەستی‌یی مەی بوو کە شکا جام و پیاڵە

دوكتور مسيه فا سه وفى
قارى راده
٤٤٠١٩٨
نگين غرب سوكريان